# خەباتی جەماوەری لە کوردستان

# تاکتیک و شێوەی کار

## ئیبراهیم عەلیزادە

**پێشەکی**:

لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا بۆ کۆنگرەی نۆهەم (هاوینی ١٣٧٩ی هەتاوی) باس لە ئاڵ و گۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەکرێ و ئەو ئەرکەی ئێمە تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە کە کۆمەڵە دەتوانێ و دەبێ لە بزووتنەوە جەماوەری ئەم دەورەیەدا دەوری رۆشن گەر و رێگانیشاندەری خۆی بە باشترین شێوە بنوێنێ. هەل و مەرجی سیاسی بۆ تێپەڕیوون لەو چوارچێوە قانوونییانەی کە هەیە، لەبارتر بوە و گەلێك فورسەتی نوێ خوڵقاوە کە دەتوانێ بە کارتێکردنی چالاکانەتری ئێمە ئەم بزووتنەوەیە بە هەنگاوی خێراترەوە بەرەوپێش بەرێ.

ئەزمەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران بەردەوام قووڵتر و بەربڵاوتر دەبێتەوە. هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئێمە گۆڕاوە و زەمینە بۆ سەلماندنی تاکتیکی شۆڕشگێڕانە بە جەماوەرێکی هەرچی بەرینتر، لەبارتر دەبێ. مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە چلۆن و لە چ رێگایەکەوە دەتوانین بزووتنەوەی جەماوەری ئێستا کە بۆ ئازادی و بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیانی باشتر کەوتۆتە رێ، وەها بەرەوپێش بەرین کە لە هەر هەنگاوێکی خۆیدا سەرکەوتنی نوێ بەدەست بێنێ و لە هەر سەرکەوتنێکی هێز و توانا بۆ بەرەوپێشترچوون و بۆ سەرکەوتنێکیتر، وەربگرێ. بە کورتی باس لە تاکتیکی دروست و شێوەکاری کارساز و ئوسوولی لە هەل ومەرجی ئێستایە.

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێش هەموو شتێك پیویستە چەند خاڵی گرینگ کە بەم باسەی ئێمە مەربووت دەبنەوە و کار دەکەنەسەر ئەرکەکان و شێوەکاری ئەم دەورەیەی ئێمە وەبیر بێنینەوە:

<u>١- بەڕەسمیناسینی ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەکوردستان مەرجی پێویست بۆ داڕشتنی سیاسەت و تاکتیکی دروستن</u>. وتمان کە لەباری سیاسییەوە لەمەیدانی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ رژیمی ئیسلامیدا، هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی جەماوەر گۆڕاوە، بەڵام لەوەش گرینگتر گۆڕانی دیمەنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستانە. شارەکان لەچاو ٢٠ساڵ لەمەوبەر بە دووقات و بگرە سێقات گەورەتر بوونەتەوە و هەر بەو پێیە قورسایی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار زیادی کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە سیاسەتی هەڵاوردن و سەرکوتی خوێناویش بەردەوام بوە، رێژەی بێسەوادی کەمتر بۆتەوە و دانیشتوانی کوردستانیش چاویان بە پێشکەوتنەکانی دنیای ئەمڕۆ کراوەتەوە و رادەی تەوەقوع و داخوازییەکانیان چۆتە سەرێ. فەرهەنگی نەتەوەیی لە چوارچێوە بەرتەسکی محەللی هاتۆتە دەرێ و پێی ناوەتە گەلێك مەیدانی تازە و لەئاستی جیهانیدا خۆی دەناسێنێ.

پەیوەندییەکانی بنەماڵەیی و سوونەتی جاران وەڵام دەرەوەی پێویستییەکانی سەردەمی ئێستای وەها کۆمەڵگایەك نین. تێکۆشەرانی رادیکاڵ و سۆسیالیست و هەڵسووڕانی کرێکاری پێویستییان بە ئامرازی نوێ و رێگاچارەی نوێ بۆ لێك نزیك بوونەوە و کارکردن پێکەوە هەیە.

<u>٢- بۆرژوازی ئێران بەهەموو باڵەکانیەوە بزووتنەوەیەکی بەرینی بۆ ریفۆرم لە پێناوی خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانی ئەمڕۆی جیهانی سەرمایەداری خستۆتە رێ</u>. ئەم بزووتنەوەیە لەناو رژیمی ئیسلامیشدا نوێنەرانی خۆی پەیدا کردوە. ئەم حەرەکەتەی بۆرژوازی لە سیاسەتەکانی کوردستانی، کۆماری ئیسلامیشدا، رەنگی داوەتەوە.

بەپێی ئەم سیاسەتە نوێیە، هەوڵ دەدەن بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی و ماف دیاریکردنی چارەنووس لەناوەوە بن کۆڵ کەن، ئامانجەکانیدابشکێنن، بەتاقی بخەنەوە و لەباری بەرن.

پێویستە ئەم سیاسەتەی دوژمن بەوردی بە جەماوەر بناسێندرێ و بەدیلی گونجاو بۆ پووچەڵکردنەوەی رەچاو بکرێ و ئەوە تەنیا بە پەرەپێدانی خەباتی رادیکاڵی جەماوەری دەکرێ. پێشینەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بۆ ئازادی و گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە دوو، سێ ساڵی رابردوودا بەقازانجی بەرەی جەماوەر هەل ومەرجێکی لەباری بۆ کاری ئێمە لەم بارەوە پێك هێناوە پێویستە بەدیلی ئێمە کە هەم، ئەم هەل ومەرجە دەناسێ و کەڵکی لێوەردەگرێ و هەم موژدەدەری ئاڵوگۆڕی ریشەییە لە ژیانی جەماوەر، لە بەرانبەر پرۆژەکانی بەرەی بۆرژوازیدا، دابنرێ و جەماوەری لە دەور کۆ بکرێتەوە.

٣- کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز لە ئاستێکی بەریندا پێیان ناوەتە مەیدانی تێکۆشانی عەلەنییەوە. وشیاری چینایەتی گەشەی کردوە. جەماوەر وریاترن و ئەزموونەکانی رابردووی خۆیان وەبیردێننەوە و بەکاری دێنن. سەنگەر بە سەنگەر دەچنە پێشەوە و داخوازی تازە لە پێناوی باشترکردنی هەل و مەرجی ژیانیان دێننە گۆڕێ. ئەم خەباتە لەکاتێکدا پەرەی سەندوە کە خۆی رژیمی سیاسی تووشی بوحران و کێشەی ناوخۆیی یە. کۆمەڵگای ئێران بە گشتی بە کوردستانیشەوە، بە خێرایی پێی ناوەتە دەورەیەکی نوێ لە خەباتی سیاسییەوە، هەر بۆیە هەر حەرەکەتێک بۆ داخوازی دیاریکراو، ئابووری بێ یان پیشەیی لە وەها هەل ومەرجێکدا بێشك خەباتی سیاسییە.

٤- نەسلێکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی، سۆسیالیست و هەڵسووڕاوی کرێکاری پێیان ناوەتە مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە. ئەمانە پەیوەندی حیزبییان لەگەڵ ئەم یا ئەو جەریانی سیاسیدا هەبێ یا نەبێ، جێگا پێی خۆیان ناو کۆمەڵگای کوردستاندا پتەو کردوە و ریشەی کۆمەڵایەتی بەهێزیان لەناو جەماوەردا هەیە. زمان و شێوەکاری پێویست بۆ تێکۆشانی عەلەنییان دۆزیوەتەوە و بە شێوەیەکی ژیرانە و کاریگەر لە هەلس و کەوتی رۆژانەی خۆیاندا بەکاری دێنن؛ کارلێهاتوو و جەسوورن، لەگەڵ خەڵك تێکەڵاون و تۆڕێکی بەرین لە دۆستان و ئاشنایان بە دەوروبەریانەوەن.

٥- هەر لێرەدا پێویستە جیاوازی خۆمان لەگەڵ دوو بووچوونی هەڵەی سیاسی کە هەیە باس بکەین:

یەکەم: ئەم بۆچوونەی کە دەرك و ناسینی هەل ومەرجی تازە، بەمانای خۆگونجاندن لەگەڵ سیاسەتی یەکێك لە باڵەکانی جمهووری ئیسلامی دادەنێ و لای وایە کە لە کێشەکانی ئێستای ناوخۆی رژیمدا دەبێ قورسایی زەختی خەبات بخرێتە سەر لایەنێکیان و بەمجۆرە گۆیا جەماوەر لە قووڵ کردنەوەی کێشەکانی ناوخۆی رژیمدا دەخالەت بکەن. ئەم بۆچوونە بە کردەوە ئەم خۆشباوەڕییە بڵاو دەکاتەوە کە گۆیا جمهووری ئیسلامی خۆی دەتوانێ مەوزووعی ئاڵ وگۆڕ بێ. وە تا ئەو جێگایەش دەچنە پێش کە بۆ گۆڕینی رژیم شۆڕش و راپەڕینی جەماوەری بە پێویست نازانن و بەگشتی چوونی کۆمەڵگای ئێران بەرەو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی نیگەرانیان دەکات.

ئەم بۆچوونە ئاڵ و گۆڕەکانی ئێستا کۆمەڵگای ئێران بە ئاکامی کێشە و ململانێکانی ناوخۆی حکوومەت و یان بە رەنگدانەوەی هەوڵ و تەقالای بورژوازی ئێران بۆ گەڵاڵەکردنی بەدیلی موناسب لە جێگای جمهووری ئیسلامیدا، دەزانێ. دەوری سەرەکی خەباتی راستەوخۆی جەماوەر لە قوولترکردنەوەی کێشەکانی ناوخۆی رژیم و هەروەها هۆیەکانی واقعی کەوتنە پەلەی بورژوازی ئێران، نابینێ و بەلایەوە زەختی جەماوەر تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە کێشەکانی سەرەوەی رژیمدا هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی بەناو ریفۆرم خواز بگۆڕدرێ.

دووهەم: ئەم بۆچوونەی کە لای وایە، دەورە، دەورەی لووتکەی شۆڕش و پەلاماری نیهایییە و رژیمی جمهووری ئیسلامی لە کورت ماوەدا لەبەردەم رووخان دایە. وادەی رووخانی رژیم لە "چەند مانگی داهاتوودا"! و شتیتری لەم چەشنە دەدات. ئەم بۆچوونە بەپێی مەنتقی دەروونی خۆی بایەخێك بۆ سەرکەوتنی سەنگەر بە سەنگەر دانانێ و ئەهەمییەتی ئەم پاشەکشێیەی کە رژیم بە هەموو باڵەکانی و لەژێر زەختی خەباتی جەماوەردا دەیکات، دەرك ناکات و هەردەم کە پێشبینییەکانی دروست دەرنایەت دەست دەکات بە پینەو پەڕۆیان و دیسانیش سەرلە نوێ و بە زمانێکیتر و بە شێوەیەکیتر دووپاتیان دەکاتەوە. تا ئەو جێگایەی کە ئەم هەڵەیە بە بەرەی چەپ دەگەڕێتەوە، ئەم بۆچوونە بایەخێکی ئەوتۆ بۆ هەوڵدانێکی هەمەلایەنە بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی بەدیلی رادیکاڵ و سۆسیالیست، سازدانی بەرەیەکی سەرتاسەری چەپ لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامیدا، دانانێ.

ئێمە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە لەپێناوی پراتیك کردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە هەڵ بگیرێن و بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەدوێین:

١- سیاسەتی روون و کاری هەمەلایەنە،

٢- تاکتیکی دروست،

٣- تەبلیغ،

٤- کاری عەلەنی و قانوونی،

٥- رێکخراوەی جەماوەری،

## ١- سیاسەتی روون و کاری هەمەلایەنە

پێشتر وتمان کە هاوسەنگی هێز لە کۆمەڵگای ئێران لە رووی ریزبەستنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لە رووی کێشە سیاسییەکان، بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز ئاڵ وگۆڕێکی تازەی بەخۆیەوە دیتوە. چین و توێژەکانی کۆمەڵ هەرکامەیان بەپێی بەرژەوەندی

عەینی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان، پێیان ناوەتە مەیدانی ململانێیەکی گەلێك ئاشکراتر لە جاران. ژمارەی مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاری بە چەند قات زیادی کردوە؛ دانشگاکان بوونەتە ناوەندێکی گرینگی سیاسی و ناڕەزایەتی دەربڕین و ریزبەستنی بیر و بۆچوون و بەرژەوەندی جیاواز؛ ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی رژیم لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات کەوتۆتە خۆی و لە هەوڵی گرد و کۆکردنەوەی خۆیدایە بۆ ئامادەکردنی بەدیلی دڵخوازی خۆی بۆ داهاتووی ئێران؛ ئیسلاح تەڵەبانی دینی دەست بەکار بوون بۆ پێکهێنانەوەی سەرو بەری ئیسلام و رازاندنەوەی سەرلە نوێی بۆ ئەوەی لە داهاتووی سیاسی ئێراندا دەورێکی تازە ببینێ؛ لەناوخۆی رژیمی ئیسلامی‌دا، کێشە و ناکۆکی‌یەکان پەرەیان سەندوە و ستراتیژ و تاکتیکی سیاسی جیاواز بۆ پاراستنی حکوومەتی ئیسلامی هاتۆتە گۆڕێ؛ وەزعی تازەی ئێران سەرنجی دەوڵەتەکانی سەرمایەداری ئەمپریالیستی دنیای زیاتر بەرەوخۆی راکێشاوە، ئامریکا، ژاپن، ئورووپا، چین و رووسیە، هەرکامەیان لە هەوڵی ئەوەدان کە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان لە دیاری‌کردنی داهاتووی سیاسی ئێران دەوریان هەبێ. بە کورتی پەروەندەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران جارێکی‌تر هاتۆتە گۆڕێ و کراوەتەوە.

لە جەرگەی ئەو کێشمەکێشمەدا ئێمەش وەکوو بەشێك لە رەوتێکی سیاسی و وەکوو رێکخراوێکی دیاری‌کراو، پێویستە دەوری خۆمان ببینین. حەرکەتی کۆمۆنیستی پێش هەموو شتێك هێز و توانای خۆی لە گەشەکردن و قووڵ بوونەوەی رەوتی خەباتی چینایەتی و لە وشیاری و لە رێکخراوی چینی کرێکار وەردەگرێ، بەڵام چینی کرێکار بە هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری‌یەوە ماندوە و هەر بەو پێیە خەباتی چینایەتی لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا لە کایەدایە. هەڵاواردنی جینسی، نەتەوەیی، پێشێل بوونی مافەسەرەتایی‌یەکانی ئینسان، ئازادی، فەرهەنگ و... هەمووی ئەوانە لە ژیانی واقعی‌دا مەشغەڵەی چینی کرێکاریشن. هەر بۆیە تێکۆشەرێکی مارکسیست، کرێکارێکی پێشڕەو پێویستە نەك هەر لەسەر ئەو مەسەلانەی کە راستەوخۆ بە بەرەورووبوونەوەی کرێکار و سەرمایەدار مەربووت دەبنەوە بەڵکوو لەسەر هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان را و بۆچوونی خۆی هەبێ. ئەگەر کرێکارانی سۆسیالیست دەیانهەوێ ئاسۆ و نەخشەی ئەوان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای ئینسانی زۆربەی هێزی ناڕازی و هەق تەڵەب لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە، پێویستە بەرانبەر بە گشت ئەو مەسەلانەی کە زەینی ئەم جەماوەر بە خۆیەوە خەریك دەکات، وەڵام بداتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر جم و جۆڵی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەری کەتۆتە رێ و کۆمەڵگای کوردستان لەم بارەوە بووژانەوەیەك بە خۆیەوە دەبینێ، بە سەدان هونەرمەندی شێوەکاری و تئاتر و موسیقی و شیعر و داستان رۆژنامەوانی و پێیان ناوەتە ناو مەیدانی ئەو خەباتە فەرهەنگی‌یەوە، هەرچۆن رژیمی ئیسلامی و حیزبە سیاسی‌یەکانی ناسیۆنالیست هەوڵ دەدەن کاری لەسەر بکەن و بە ئاراستەی دڵخوازی خۆیانی دا بەرن؛ هێزی سۆسیالیست و تێکۆشەرانی کۆمۆنیستیش دەبێ لەم مەیدانەدا خاوەن هەڵوێست و بەرنامەی دیاری‌دکراو بۆ بەرەوپێش بردنی بن و تەنیا لەم سوورەتەدایە کە دەتوانن هەوڵەکانی دوژمنیش بۆ بەلاڕێ‌دابردنی ئەم حەرەکەتە پووچەڵ کەنەوە.

ئاشکرایە کە مەودای کاری شانە و رێکخراوەی حیزبی بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستی‌یەکانی ئەم دەورەیە بەناچار بەر تەسکە و ئەم هەل ومەرجە کار و چالاکی لە ئاستێکی گەلێك بەرینتری کۆمەڵایەتی لێمان دەوێ. رووداوەکان بە خێرایی دەچنە پێش و کار لەم دەورەیەدا ناتوانێ بە هەمان شێوەی سالانی رابردوو بەرێوە بچێ. هەر تێکۆشەرێکی کۆمەڵە پێش ئەوەی ئەندام یا هەڵسووڕاوی ئەم رێکخراوەیە بێ، لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە لە حەرەکەت و بەرەوپێش چووندایە و دەتوانێ بەپێی توانایی خۆی سەربەخۆ لەوەی کە هەموو رۆژێ چ فەرمانێکی لەسەرەوەی حیزب را پێ دەگات، لەسەر رەوتی ئەم حەرەکەتە ئاگاهانە تەئسیر دابنێ. پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست لە کوردستان، خۆیان بە رەچاوکردنی خەت و ئاراستەی سیاسی، کۆمۆنیستی، کۆمەڵەدا، خۆیان رێك بخەن و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پەیوەندی راستەوخۆی تەشکیلاتی بن سیاسەتەکانی راگەیەندراوی کۆمەڵە بە کردەوە دەربێنن.

تا ئەو جێگایەی کە بە رێکخستنی جەماوەری لە ئاستێکی بەرینتریش دا مەربووت دەبێتەوە، ئەگەر بەهۆی سەرکوت و زەبر و زەنگی رژیم لە سالانی رابردوودا ئیمکانی پێکهێنانی رێکخراوەی پیشەیی و جەماوەری نەبوە، ئێستا بزووتنەوەی جەماوەری لە ئاستێکدا هەیە کە بتوانێ پێ بنێتە ئەم قۆناغەشەوە. ئاشکرایە کە هێشتا ئەمە مەسیرێکی سەر راست و بێ‌تەنگ و چەڵەمە نیە، مانای ئەوە نیە کە رژیم خۆی بە دڵخوازی خۆی ئەم رەوتە دەسەلمێنێ؛ بەڵام هەل ومەرجی هێنانەگۆڕ و شوێن کەوتنی فەراهەم بوە.

دیارە کار لە ئاستێکی ئاوا بەریندا پێویستی بە ئامرازی موناسب هەیە، هەڵس و کەوت لەگەڵ مەسەلەکانی پەیوەندی‌دار بە جەماوەر، پێویستی بە بڵاوکراوە و چاپەمەنی تایبەت بە خۆی هەیە. کەوایە هەوڵدان بۆ ئەوەی لە هاوسەنگی هێزی ئێستادا، چاپەمەنی سەربەخۆ و پێشڕەو هەبێ و هەوڵ بدات بە زمانی موناسب لەگەڵ کاری عەلەنی، ئیمکانی ئیدامەکاری خۆی پێك بێنێ، دەتوانێ لە خێراترکردنی رەوتی رێکخستن و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری پێویست لە کاتی خۆیدا، گەلێك بەکەڵك و کارساز بێ. شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست نابێ ئەو مەیدانە بۆ هەڵسووڕاوانی ئاسۆ و رێبازی غەیرە کرێکاری چۆل کەن. رووخاندنی جەمهووری ئیسلامی،

بەدەست هێنانی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، پێکهێنانی حکوومەتی کرێکاری و تەنانەت ریفۆرم و باشترکردنی هەل ومەرجی ژیان لە چوارچێوەی نیزامی مەوجوودیش دا، هیچ کام لەوانە بەبێ خستننە گەڕی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز مسۆگەر نابێ. ئەم بزووتنەوەیە هەم پێویستی بە رێباز و خەتی سیاسی رۆشن هەیە؛ هەم پێویستی بە رەخنە لەخۆگرتن و چاك کردنی رەوش و شێوەکاری هەیە؛ هەم پێویستی بە رێکخراو و ئامرازی جۆراوجۆری تەشکیلاتی هەیە. وە ئێمە دەتوانین و پێویستە لەم ئاستەدا ئەرکەکانی خۆمان بناسین و بەرێوەی بەرین.

## ٢- تاکتیکی دروست

وتمان کە تێکۆشەرێکی مارکسیست بناغەی کاری خۆی پێش هەموو شتێك لەسەر ریزبەستنی چینایەتی کۆمەڵگا و جێگا و شوێنی ژیان و خەباتی چینی کرێکار دادەمەزێنێ. بەمجۆرەیە کە دەتوانێ هیوادار بێ کە شیعارەکان و ئامانجەکانی دوور و نزیکی لەژێر دەست و پێی چین و توێژەکانیتر و مەیل و بۆچوونە سیاسی غەیرە کرێکاری‌دا، پێشێل نابێ. تاکتیك بۆ ئێمە لێرەوە دەست پێ دەکات و هەموو مەیدانەکانی ژیان و خەباتی کۆمەڵایەتی دەگرێتە بەر.

بەڵام تاکتیك کردەوەیەك نیە بۆ فریوی دوژمن یان رێگایەك بۆ دەربڕینی هەڵوێست لەسە ئەم یا ئەو مەسەلە، بەڵکوو تاکتیك خەباتێکە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی دیاری‌کراو کە بە پێی هاوسەنگی هێز ئیمکانی وەدی‌هاتنی خوڵقابێ. بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی هەر حەرەکەتێك کۆکردنەوەی هێز پێویستە و بۆ کۆکردنەوەی هێز پێویستە مانای سەرکەوتن لەهەر قۆناغێکدا رۆشن و لە دەست ڕەس دا بێ. کاری کۆکردنەوەی هێز لە جەرگەی خەبات و ژیانی رۆژانەدا دەچێتە پێش و هەر دەست کەوتێکی وەلەو بچووکیش رێگا بۆ کۆکردنەوەی زۆرتری هێز و دەست دان بە تاکتیکی ئاڵ وگۆڕ پێکهێنەرتر و پێشڕەوتر خۆش دەکات.

مەحکەمترین پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی تاکتیکی دروست ئەوەیە کە ئامانجی دیاری‌کراوی خۆی بە کەمترین ئازار و تەلەفات و لە زووترین زەمانی مومکین دا بەدی هێنابێ. ئەم سەرکەوتنە کە لە هەمان کاتدا هەنگاوێکە بەرەو رزگاری نیهایی و بەو ئاراستەیەدا دەچێتە پێش؛ دەبێ بە مانای کەمکردنەوە دژواری‌یەکانی ژیانی هێزی خەباتکار بێ و ئەم هێزە رێکخراوتر و وشیارتر لێی بێتە دەرێ.

کرێکار لە خەباتێکی رۆژانەی بەردەوامدایە بۆ دیفاع لە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی. ئەوە حەرەکەتێکی نەپساوەیە و پەیوەندی بەوەوە نیە کە هەڵسووڕاوی حیزبێکە یان ئەندامی رێکخراوی پیشەیی‌یە. ئەو کاتەی کە کرێکاران دێنە مەیدانی خەبات بۆ ریفۆرم و بۆ پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕ لە ژیانیاندا، ئەو خەباتە ئیتر هەڵسووڕانێکی تەنیا ئابووری نیە، ئەمە تێکۆشانێکی بە تەواوی سیاسی‌یە ئەگەرچی ئامانجە فەوری‌یەکانیشی ئابووری‌یە. بێ‌گومان وەها خەباتێك پێویستی بە بەهرەمەندبوو لە ئازادی و لە کۆمەڵێك مافی سەرەتایی سیاسی هەیە و بۆ بەدەست هێنان و جێ‌گیرکردنی ئەم مافانە، چالاکی سیاسی پێویستە و خەڵکی کوردستان ئەو مافانەی خۆیان دەناسن و ساڵەهایە خەباتی بۆ دەکەن؛ کەوایە شیعار و تاکتیکەکانی ئێمە پێویستە ئەم ئاستە لە خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستانی بە وردی لەبەرچاو بێ.

تاکتیکی دروست بەبێ هەڵسەنگاندنی دەقیق و واقع بینانەی وەزعییەتی سیاسی، داناڕێژرێ و سەرکەوتن بەبێ هەڵسەنگاندنی واقعی هێزی خەباتکار و ناسینی نوختەی قوەت و لایەنە لاوازەکانی، وە بەبێ دیاری‌کردنی رێگا و شێوەکاری بەمەبەست گەیشتن، دابین نابێ. بۆ نموونە هەبوونی هاونەزەری لەسەر لێکدانەوەی وەزعی سیاسی ئێستای ئێران مەرجێکی ئەساسی‌یە بۆ رێککەوتن لەسەر دیاری‌کردنی تاکتیکی سیاسی یەکگرتوو لە دژی رژیمی دەسەڵاتدارە. هەر بەو پێ‌یە لە ئاستێکی بەرتەسك تر و مەحەللیش دا بۆ مەبەستی مەحدوودتریش وەدەست هێنانی رادەیەکی زۆر لە هاونەزەری لەنێو تێکۆشەرانی سۆسیالیست دا پێویستە و ئەوە کارێکە، کە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست پێویستە شێلگیرانە هەوڵی بۆ بدەن.

خۆپیشاندانێکی نابەوەخت کە لەسەر ئەو ئەساسەی لەسەرەوە باس کرا، بیر لە هەموو لایەنەکانی نەکرابێتەوە و لەژێر هێرشی دوژمندا خەڵتانی خوێن بکرێ؛ مانگرتنێکی کرێکاری کە یەکگرتوویی ریزەکانی کرێکاران تێك بدات و لە جیاتی کۆکردنەوەیان لە دەوری یەکتر تۆوی تەفرەقە لە نێوانیاندا بچێنێ؛ بەرزکردنەوەی شیعارێکی سیاسی کە بەجێی یەکخستنی هێزی جەماوەر خۆف و نیگەرانی بخاتە دڵیانەوە و پەرەم پەرەمیان کات؛ بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردنێکی پارلمانی کە تەوەهوم و خۆشباوەڕی بڵاو کاتەوە و هەوڵێکی بێ‌سەمەر بێ لە پێناوی پێکهێنانی کەش و هەوایەکی ئازادتر لە وڵاتدا؛ لەدەست دانی فورسەت بۆ هاوکاری‌کردن لەگەڵ هێزێکی غەیری کرێکاری کە دەتوانێ بەفەڕ، خەباتی جەماوەری هەنگاوێ بەرەوپێش بەرێ؛ هەمووی ئەوانە بە دەیان نموونەی‌تری لەو چەشنە دەتوانن ئاکامی لەبەرچاونەگرتنی ئەو سەرەتایانە بن کە بۆ دۆزینەوە و بەرێوەبردنی تاکتیکی دروست دەبێ لەبەر چاو بگیرێن.

## ٣- دەربارەی تەبلیغ

**الف - تەبلیغی سەراسەری ناتوانێ جێگای تەبلیغی محەللی بگرێتەوە.**

ئاشکرایە کە پرۆژەی تەبلیغ بۆ حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیست پێویستە هەمەلایەنە بێ، چەوسانەوە و ستەم و بێعەدالەتی‌یەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و پارێزەران و پاساوکەرانی ریسوا کات، بە گژ هەموو خورافات و دواکەوتوویی‌یەکانی کۆمەڵگادا بچێت، لەسەر ئەساسی ئاسۆ و بەرنامەی کۆمۆنیستی بەرێوە بچێت و ڕێگای رزگاری نیشان بدات، روانگەی سۆسیالیزمی زانستی لە هەموو بوارەکاندا پەرەپێبدات، راستگۆیانە بێ و هەموو راستی‌یەکان باس بکات. بە گشتی رێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵایەتی سۆسیالیست پێویستە هەموو ئیمکاناتی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی هیچ بۆشایی‌یەك لەم بابەتەوە بەجێ نەهێڵێ. بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باسە لەسەر وردەکاری‌یەکانی وەها پرۆژەیەك نیە. لێرەدا نامانهەوێ لە کەم و کوڕی‌یەکانی ئێستاو رابردووی خۆمان لە بەرێوەبردنی وەها ئەرکێك دا بکۆڵینەوە یان قسە لەسەر گرینگی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی ئەوڕۆیی بۆ تەبلیغ وەکوو رادیۆ و تەلەویزیۆن و تۆڕی ئینترنێت و هی‌تر بکەین. هەرکام لەوانە دەتوانن جێگای باسێکی جیاواز بن. جێخستنی روانگەی دروست لە هەموو ئەو زەمینانەدا کارێکی گرینگ و پێویستە؛ بەڵکوو لەم باسەدا دەمانهەوێ نیشانی بدەین کە تەبلیغی محەللی لەپێناوی بەرەوپێش بردنی خەباتێکی جەماوەری‌دا بۆ ئێمە چ جێگا و شوێنێکی هەیە و بە چ شێوەیەك بەرێوە دەچێ؟

بەشێك لەم ئەرکەی کە لە باسی پرۆژەی تەبلیغ دا لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، دەکەوێتە سەر شانی هەڵسووڕاوانێك کە لە شوێنی کار و ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشدا خەبات دەکەن. ئەمانیش لە رێگای تایبەتی خۆیان و بە زمانی تایبەتی خۆیان هەر تۆوی ئەم وشیاری‌یە چینایەتی و سۆسیالیستی‌یە دەچێنن کە تەبلیغاتی سەراسەری ئێمە دەیکات. ئەوان لەسەر هەموو مەسەلەکانی پێوەندی‌دار بە ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش ورد دەبنەوە و جەماوەر بۆ بەدەست هێنانی مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان هان دەدەن. یەخەی سەرمایەداران و زۆرداران دەگرن و درۆ و فریوکاری‌یەکانیان لێ لەقاو دەدەن. ئێستا قسە لەوەیە کە ئەم ئەرکانەی کە باس کران بە چ شێوەیەك بەرێوە دەچن؟

گومان لەوەدا نیە کە تەبلیغ لە رێگای راگەیەنە گشتی‌یەکانی وەکوو: گۆڤار و رادیۆ و گەلێك گرینگە. بەڵام راگەیەنە گشتی‌یەکان ئەرکی تۆپخانەیەك لە مەیدانی شەڕدا بەرێوە دەبەن. هەر وەکوو چۆن تۆپخانە کاری پێشڕەوی سەنگەر بە سەنگەری هێزی پیادەنیزام ئاسان دەکاتەوە، تەبلیغی سەراسەری ئێمەش بە کەڵك وەرگرتن لەم ئامرازانە لە نیهایەتدا یارمەتی بە هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی محەللی ئێمە دەکا و رێگایان بۆ خۆش دەکات کە گەلاڵەی هەڵسووڕانی خۆیان لەم بوارەدا بە کۆنکرێتی دابڕێژن و شێوەی کاری خۆیان بۆ پێشڕەوی‌یەکی بە شێنەیی و هەنگاو بە هەنگاو دیاری بکەن.

ئەرکەکان و شێوەی کاری تەبلیغی سەراسەری و بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئێمە ناتوانێ لەگەڵ ئەرك و شێوەکانی تەبلیغی محەللی –کە لەوانەیە بە دەرەجەی یەکەم شفاهی بێ– هەر وەکوو یەك وابێ. ئەمڕۆکە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە لەسەر گرینگی کەڵك وەرگرتن لە رادیۆ و تۆڕی ئینترنێت و هی‌تر لە بەرێوەبردنی کاری تەبلیغی بۆ رێکخراوێکی سیاسی کۆمۆنیست، پێدا بگرین، ئەو راستی‌یەش نابێ لەبیر بەرینەوە کە ئەم ئامرازە نوێیانە لە هەمان کاتدا زەعف و بێتوانایی‌یەکانی رەوتی ئێمە لە بەرەوپێش بردنی کاری تەبلیغی محەللی لە شوێنی کار و ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشدا، پەردەپۆشی دەکەن. گەلێك هەڵسووڕاوی کارلێهاتووی پەروەردەی ناو جەرگەی خەباتی رۆژانەی جەماوەر هەن کە بە شێوەی خۆیان و لە ژیان و خەباتی رۆژانەیاندا دەوری هاندەر و بەرێوەبەر دەبینن بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە ئێمەوە هەبێ و یان لەگەڵ جۆری روانینی ئێمە بۆ مەسەلەکان ئاشنا بن. هیچ رێکخراوێکی سیاسی ناتوانێ کۆمەڵایەتی بێتەوە بەبێ ئەوەی لە رێگەی ئەم تێکۆشەرانەوە ئامانج و بەرنامە و رێبازی سیاسی خۆی تەبلیغ بکات و دروشمەکان و تاکتیکەکانی بکات بە ئاڵای خەباتی جەماوەری.

**ب - تەبلیغی محەللی کارێکی عەلەنی‌یە**

ئەو وتەیە رەنگە بە رواڵەت نامۆ بەنەزەر بگات و بە مانای ئەوە بێ کە ئێمە پێمان وایە گۆیا کەش و هەوایەکی وەها دیموکراتیك لە ئێران خوڵقاوە کە ئیتر رێگا ئەدات بەوەی کە هەموو هەڵسووڕانێکی خۆمان بەئاشکرا بەرێوە بەرین. بەڵام لە راستی‌دا وانیە. ئەم وتەیە بۆ کەسێك نامۆیە کە تەبلیغی تەنیا بەمانایەکی بەرتەسکی رێکخراوەیی و مەکتەبی لەبەرچاوە. کە وتیان "تەبلیغی محەللی پێویستە"، ئەوکەسە وا بیر دەکاتەوە کە دەبێ تەبلیغ بۆ رێکخراوەکەی خۆی بکات، هێز لە دەوری رێکخراوەکەی خۆی کۆبکاتەوە. خۆ ئەگەر وابێ وەها تەبلیغێك دیارە کە ناتوانێ بەئاشکرا بەرێوە بچێ چونکە درەنگ یا زوو دوژمن شوێنی هەڵ دەکات و رێگای پێ دەگرێ و زەربەی لێ دەدات. بەڵام ئێمە قسە لە شێوەکاری ئوسوولی و کاریگەر بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی جەماوەری دەکەین و خەباتی جەماوەریش خەباتێکی ئاشکرایە. جەماوەر حەوزەیەکی حیزبی نیە کە بە نهێنی لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و هەڵس وکەوتی رێکخراوەیی

ئەوان بە تەواوی لە چاوی دوژمن شاردراوە بێ. کاری هاندەرانە و ڕۆشنگەرانە بۆ بە ئاکام گەیاندنی خەباتێك کە ئەو جەماوەرە دەستیان داوەتێ بە نهێنی بەڕێوە ناچێ. کەوایە تەبلیغی مەحەللی لەناو جەماوەردا بەلای ئێمەوە بریتی نیە لە پێداهەڵکوتن بە سازمان و حیزبەکەی خۆمان و بانگەوازێك بۆ پەیوەست بوون بە ریزەکانمان. (کاری پەرەپێدانی حەوزەی حیزبی و ساغ کردنەوەی کەسانێك بۆ پەیوەست بوون بە ڕێکخراو، کارێکی تایبەتی‌ترە کە ئەگەر کەوتە دەستووری کاری هەڵسووڕاوێکی مەحەللی ئێمەشەوە ئەوکات لەگەڵ ژمارەیەکی کەمتر لە هەڵسووڕاوانی بەدانستە هەڵبژێردراو بەڕێوە دەچێ و ئێمە پێی دەڵێین "تەرویج" و پەرەپێدان یان بەرتەسك بوونەوەی ئەو کارەش پەیوەندی بە هەل ومەرجی سیاسی کۆمەڵگا و رادەی دەسەڵاتی دوژمنەوە هەیە و لێرەدا جێگای باسی ئێمە نیە).

کەوایە تەبلیغ لەم ئاستەدا کە ئێمە باسی لێ دەکەین کارێکی عەلەنی‌یە و لە جەرگەی خەباتی رۆژانەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ناڕازی‌دا بەڕێوە دەچێ. هەڵسووڕاوێکی مەحەللی ئێمە ناتوانێ و نابێ هەر ئەو ئەرکە بەڕێوە ببات کە بۆ نموونە رادیۆی ئێمە ئەنجامی ئەدات، ناتوانێ و پێویست ناکات هەر بەو زمانە قسە بکات کە رادیۆی ئێمە قسەی پێ دەکات. تەبلیغی مەحەللی، هاندەر و هەڵخڕێنەری جەماوەرە بۆ خەبات. هەر کردەوەیەکی زاڵمانە لە جێگای خۆی بەخێرایی و بە زمانی موناسب لەقاو دەدات.

موبەلغێکی پێشڕەو و سۆسیالیست لە هەموو هەڵس و کەوتەکانی خەباتی رۆژانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا حازرە و لەگەڵ هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی‌یان بە ئەو خەباتەوە هەیە تێکەڵاوە، شارەزایی خۆی لەم بابەتەوە بەردەوام پەرەپێ بدات و قووڵتری دەکاتەوە و بەکاری تەبلیغی خۆی و زەینی خەڵکی زەحمەتکێش لەسەر ئەم مەسەلانە روونتر دەکاتەوە و یارمەتی‌یان دەدات کە ویست و داخوازی‌یەکانی خۆیان وردبینانەتر ڕێك و پێك کەن و لە چوارچێوەی ئیمکانی سەرکەوتنیدا بێ‌گونجێنن. هیچ کام لەو ئەرکانە پێویست ناکات لە پەیوەندێکی راستەوخۆی ڕێکخراوەیی‌دا بەڕێوە بچن. وەها موبەلغێك لەناو جەماوەردا کار دەکات و ئەرکی پاراستنیشی جەماوەر وەئەستۆی دەگرێ و زەفەر پێ‌بردنی بۆ دوژمن کارێکی ئاسان نیە.

### ج – تەبلیغ، پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر پتەوتر دەکات

وتمان کاتێك قسە لە تەبلیغی مەحەللی دەکەین باسی هەڵسووڕان لەناو جەماوەری بەرین دایە. تەبلیغ وەسیلەیەکە بۆ پێك هێنانی پەیوەندی لە نێوان هەڵسووڕاوانی پێشڕەو و سۆسیالیست لەگەڵ ئەو جەماوەرە. تەبلیغی ئوسوولی و یارمەتی‌دەر دەتوانێ پەیوەندێکی پتەو نێوان تێکۆشەرێکی سۆسیالیست لەگەڵ جەماوەرێکی هەرچی زۆرتر لە کرێکار و زەحمەتکێش پێك بێنێ. پێوانەی بەڕێوەچوونی کارێکی تەبلیغی ئوسوولی و کاریگەر ئەوەیە کە <u>یەکگرتوویی</u> ریزەکانی خەڵکی زەحمەتکێش پتەوتر کات، <u>وشیاری چینایەتی</u>یان بەرێتە سەرێ و بۆ <u>باشترکردنی هەل ومەرجی مادی ژیانیان</u> یارمەتی‌یان بدات. بەمجۆرەیە کە پتەوترین پەیوەندی لە نێوان جەماوەر و هەڵسووڕاوێکی مەحەللی پێك دێت. ئاسۆیان پێ دەدات و چرای ژیانیان رووناکتر دەکاتەوە، ڕێگای باشترکردنی ژیانی ئەمڕۆیان نیشان دەدا، تەبایی و هاوڕێیەتی لە ناویاندا پەرەپێدەدا، وەها تێکۆشەرێك بێ‌گۆمان جێگای متمانە و خۆشەویست دەبێ.

بۆ نموونە تەبلیغ بۆ بەرابەری و لەبەین بردنی هەڵاواردنی جینسی لەناو بنەماڵەیەکی کرێکاری‌دا لە هەمان کاتدا کە بە شێوەیەکی ئوسوولی و راستگۆیانە بەڕێوە دەچێ دەبێ هەستی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەناو کوڕ و کچ و دایك و باوکی ئەو بنەماڵەیەدا بەهێزتر کات نەك لە یەکتر دڕدۆنگیان کات و لە دژی یەکتر رایان بگرێ.

شك لەوەدا نیە کە بەپێی قاعیدە لێهاتووترین موبەلیغ لەناو ئەو هەڵسووڕاوانەدا هەڵدەکەون کە خۆیان لەژێر باری چەوسانەوە و ستەمی سەرمایەداری‌دا ئازاریان چێشتوە. باسێك کە دەیکەن لەوانەیە لەڕوی "فورمووڵبەندی" و "وردەکاری تێئۆریەکەوە" لەجێگای خۆی نەبێ بەڵام دڵ نشینە. ئەوان بەرانبەرەکەی خۆیان شیفتەی وتەبێژی و توانایی‌یەکانی کەلامیی خۆیان ناکەن، شانۆگەری بە زانیاری و زانستی خۆیان ناکەن، ئەوان وەکوو ئاخووندەکان خۆیان ناخەنە گریان بەڵکوو هێزی بڕوا بە خۆ و هیوا بە سەرکەوتنیان لە زەین و مێشکدا دەپشکوێنن. ئەوان چی لە توانایاندایە بە زمانی سادە و بەبێ فەخرفرۆشی و خۆ بە زل زانین، دڵسۆزانە پێشکەشی دەکەن. تەنیا قسە ناکەن بەڵکوو گوێش دەگرن، بەردەوام هەوڵ دەدەن رادەی تێگەیشتن و زانستی خۆیان بەرنە سەرتر. ئەم تایبەتمەندی‌یانەیە کە کاری تەبلیغی بۆ هەڵسوڕاوێکی مەیدانی خەباتی جەماوەری ئاسان دەکەنەوە و پەیوەندی‌یەکی نزیك و هاوڕێیانە لەگەڵ بەرانبەرەکەی پێك دێنن. ئەم شێوەکارەیە کە دەرگا بۆ بەرەوپێشترچوون دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا وەها جێگا و شوێنێك بە تێکۆشەرێکی مەحەللی ئەدات کە رژیم ناتوانێ بە ئاسانی دەستدرێژی بکاتە سەری.

## ٤- کاری عەلەنی و قانوونی

### الف - جێگا و شوێنی هەڵسووڕانی عەلەنی و قانوونی

بەرەوپێش بردنی خەباتی جەماوەری تەنیا لە ڕێگای کاری عەلەنی‌یەوە کە جار و بار دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسای زاڵ بەسەر کۆمەڵگاش دابێ، ئیمکانی هەیە. ناسینی ئوسوول و شێوەکانی ئەم هەڵسووڕانە و بەدەست هێنانی لێهاتوویی و ئەزموونی پێویست لەم بارەوە لە خەباتی ئەمڕۆی ئێمەدا دەورێکی چارەنووس ساز دەبینێ و جەریانی رادیکاڵ لەناو بزووتنەوەی چینایەتی و جەماوەری ئەمڕۆی کوردستاندا پێویستە ئەم مەیدانە بە تەواوی ماناوە بخاتە ژێر خۆیەوە.

ئەگەر ڕێکخراوی حیزبی و پەیوەندەکانی ڕێکخراوەیی دەبێ بە بەڕێوەبردنی تەواو و کەماڵی سەرەتاکانی کاری نهێنی لە دەستڕەسی دوژمن دوور خرێتەوە و بپارێزرێ، بەپێچەوانە خەباتی جەماوەری بەشێوەی ئاشکرا و لەبەرچاوی هەمووان نەبێ بەرەوپێش نابرێ. ئێمە دەمانەوێ شێوەکان و میکانیزمەکانی کاری عەلەنی ببنە سوننەتی وا جێکەوتوو کە رەوتی ئێمە بتوانێ لە هەر ناڕەزایەتی‌یەکی چینایەتی و سیاسی‌دا حازر بێ و لە چارەنووسی‌دا دەخاڵەت بکا. وەدەست هێنانی توانایی بۆ بەرێوەبردنی ئەم کارە و تەبدیل کردنی بە بەشێکی هەمیشەیی لە تێکۆشانی وشیارانە و نەخشەمەندە کە ئیمکانمان پێدەدا خەباتی حیزبی وا لێ بکەین کە تەنیا تایبەتی شۆڕشگێڕانی پیشەیی نەبێ و بیخەینە دەسڕەسی جەماوەرێکی بەرینتر و لەم ڕێگایەوە خەباتی جەماوەری کرێکاران هەر لەسەر ڕێبازی ئەو ستراتیژ و سیاسەتانە بەرەوپێش بەرین کە ڕێکخراوی نهێنی و شەبەکە یەکجار نهێنی‌یە تەشکیلاتی‌یەکانیش بەپێی دیاری‌کردنی ئەرك و دابەش کردنی کار خەریکین.

راستی‌یەکی عەینی کە بناغەی کاری عەلەنی‌یە ئەوەیە کە چینی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا لە کێشمەکێشێکی بەردەوام و هەمیشەیی‌دایە لەگەڵ سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان. ئەم کێشمەکێش و خەباتە هەموو رۆژە و دیار و نادیارە هەمیشە بەشێك بوە لە ژیانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەم خەباتە بۆ کرێکاران حەیاتی‌یە و تەعتیل بوون هەڵناگرێ. لەم کێشە و بەربەرەکانێ‌یەدا چینی کرێکار نەك تەنیا بۆ باش بوونی هەل ومەرجی ژیانی بەڵکوو تەنانەت بۆ دیفاع لە پلەی گوزەران و بەرێچوونی ئێستای خۆی و بۆ پێش گرتن بە دەستدرێژی هەموورۆژەی سەرمایەداران بۆ سەر ئەو دەست کەوتانەش کە هەتا ئەمڕۆ بەدەستی هێناوە، تێدەکۆشێ. لە جەریانی ئەم خەباتەدایە کە چینی کرێکار بە شێوەی تەبیعی کەم و کۆڕی‌یەکانی خۆی دەناسێ. لەم خەباتە ئاشکرا و جەماوەری‌یەدایە کە کرێکاران بۆیان دەردەکەوێ کە قودرەتی سەرمایەداران لە سەرمایە و لەو دەوڵەتەوەیە کە پارێزەری ئەم سەرمایەیە و لاوازی چینی کرێکاریش ریشەی لە پرژ و بڵاوی و ڕێکخراو نەبوونی ئەو چینەدایە. هەر بۆیە مەیل بەرەو ڕێکخراوبوون و پشت بەستن بە یەکگرتوویی و هاچارەنووسی چینایەتی لە جەرگەی ئەم خەباتەدا پتەوتر دەبێ و خەباتی عەلەنی ڕێگا بۆ پێك هاتنی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان خۆش دەکات، کە دواتر باسی دەکەین.

کاتێك باسی هەڵسووڕانی عەلەنی و قانوونی دەکەین مەسەلە ئەوەیە کە لە چ ڕێگایەکەوە و بە چ شێوەیەك ڕێکخراوی غەیرەعەلەنی و غەیرەقانوونی دەتوانێ لە رەوتی ئەم خەباتە واقعی و هەمیشە زیندووە چینایەتی‌یەدا، کە عەلەنی‌یە، دەخاڵەت بکات و دەوری پێشڕەوی تێدا ببینێ. بەشداری لەم رەوتەدایە کە حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی دەکات بە بەشێکی جیانەکراوە لە چینی کرێکار و لە خەبات و ناڕەزایەتی هەموو رۆژەی ئەو چینە. لەم ڕێگایەوەیە کە ئەم حیزبە توانای ئەوە پەیدا دەکات کە نەك هەر بەرژەوەندی ئەمڕۆ، بەڵکوو ئاسۆی رزگاری یەکجاری چینی کرێکار و هەموو کۆمەڵگا بخاتە بەردەم ئەم بزووتنەوە چینایەتی‌یەوە و بەمجۆرەیە کە دەتوانێ لە نزیك کردنەوەی هەل ومەرجی شۆڕشگێڕانە و ئاخێزی جەماوەری‌دا دەورێکی وشیارانە ببینێ. نزیك بوونەوە لەو هەل ومەرجە ناتوانێ لە ئاکامی پەرەگرتن و گەشەی هەڵسووڕانی نهێنی ئێمەوە بێ. حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکاری ناتوانێ دوای ساڵیانی دوور و درێژ لە کاری ژێرزەمینی‌دا، لەناکاو سەربێنێتە دەر و فەرمانی راپەڕین بدات!

ڕێکخستنی کرێکاران لە ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکاندا، هاندان و هیدایەت کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی لاوانی کوردستان، ڕێکخستنی ریزی خەباتی ژنانی ئازادی‌خواز و بەرابەری‌تەڵەب، تەبدیل کردنی کۆمەڵە بە رابەری خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، بەرزکردنەوەی پلەی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی زەحمەتکێش، بەڕێوەبردنی خەباتێکی بەشێنەیی و بەردەوام لەگەڵ داب و نەریتی دواکەوتوو و پەرەپێدانی فەرهەنگی پێشڕەو لە ئاستی جەماوەری‌دا؛ ئەمانە و گەلێك ئەرکی‌تری لەو چەشنە لە کوردستانن کە کاری عەلەنی بۆ ئێمە دەکەن بە مەسەلەی هەڵسووڕانی هەر ئەمڕۆمان.

بە درێژایی ساڵانی رابردوو لە کوردستان لە پاڵ خەباتی چەکدارانە کە خۆی خەباتێکی لە ئەساسدا عەلەنی‌یە، شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری ناڕەزایەتی جەماوەریش وجوودی بوە کە توانیویەتی گەلێك جار ویست و داخوازەکانی خۆی بەسەر رژیم و سەرمایەداراندا بسەپێنێ و شاهیدی گەلێك نموونەی مانگرتنی سەرکەوتووی کرێکاران بووین کە لە مەرکەزە جۆراوجۆرەکانی کاری کرێکاراندا روویان داوە. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستان

تەنیا کرێکاران نین کە بۆ بەرەوڕووبوون لەگەڵ ڕژیم دەست دەدەنە ناڕەزایەتی ئاشکرا. ئەم مەسەلەیە بەشێکی بەرین لە کۆمەڵی کوردستان کە فشار و ستەمیان بە سەرەوەیە دەگرێتە بەر و ئەم ڕاستی‌یە ئیمکانی ڕێکخستنی خەباتێکی بەهێزی جەماوەری پێك هێناوە. سەرەڕای کرێکاران، لەناو خوێندکاران و لاوان و ژنان و زەحمەتکێشانی گۆشە و کەناری شارەکان و... جم و جۆڵێکی هیوابەخش کەوتۆتە ڕێ و، ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست لە کوردستان هەل ومەرجێکی گەلێك لەباری بۆ شوێن گرتنی ئامانج و بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ ڕەخساوە.

**ب - کاری عەلەنی و تێپەڕبوون لە قانوون**

ئایا هەرچەشنە تێکۆشانێکی عەلەنی لە هەمان کاتدا تێکۆشانێکی قانوونی‌یە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە مەنفی‌یە.

حکوومەتی مەزهەبی بۆرژوایی لە ئێران جێگایەکی بۆ گەڕان بە شوێن فورجە و ئیمکاناتی جێگای متمانەی قانوونی لە خەباتی جەماوەردا نەهێشتۆتەوە و یاساکانی مەوجوودی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نادەن کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ پەی‌گرتنی ویست و داخوازەکانیان پشتیان پێ ببەستن و ئەم یاسایانە ناتوانن خۆیان سەرچاوەی هیچ ئەمنییەتێك بن. قانوونی ئەساسی و مەدەنی و کار و هەموو ئەو یاسایانەی کە ڕۆژانە لە پارلمانی ئیسلامی‌دا پەسەند دەکرێن، لە لایەکەوە خۆیان ئەوەندەی کرابێ قەید و بەندیان لەسەر دەربڕینی ناڕەزایەتی و دەربڕینی بیروڕای ئازادانە و پێك هێنانی ڕێکخراوە و شتی‌تر داناوە کە دەوڵەت دەتوانێ لەهەر کاتێکدا کە بە پێویستی بزانێ بە شێوەیەکی حقووقی لە دژی هەر حەرەکەتێك کە بە مەیلی ئەو نەبێ، بەکاریان بێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتی‌دا، ڕژیم نیشانی داوە کە لە بەرانبەر خەباتی شۆڕشگێڕانە و خەباتی کرێکاراندا تەنانەت پابەندی بەڵێنەکان و یاسا پەسەندکراوەکانی خۆشی نیە و بۆ پاراستن و درێژەپێدانی دەسەڵاتی دژ بە شۆڕشی خۆی چی بە لازم بزانێ ئەوە دەکا.

کەوایە کاری عەلەنی نەك هەر بە مانای تێکۆشان لە چوارچێوەی تەنیا قانوونی‌دا نیە بەڵکوو لە ڕاستی‌دا خەباتێکە بۆ شکاندن و پووچەڵ کردنەوە و لەنێوبردنی هەموو ئەو مەحدوودی‌یەتانە کە بە حوکمی یاساکانی حکوومەتی ئیسلامی بەسەر جەماوەری ناڕازی‌دا دادەسەپێندرێن. کاری عەلەنی ڕێگای خۆی بەنێو گەلێگ زەرفییەت و ئیمکاناتی جۆراوجۆری‌تردا دەکاتەوە کە لەنێو کۆمەڵدا لە ئاکامی خەباتی جەماوەری و هەل ومەرج و وەزعییەتێکی سیاسی دیاری‌کراودا پێك هاتوون. خەباتی عەلەنی دەتوانێ واوەتر لە یاساکانی ڕژیم بڕوات و دروشمەکانی خۆی لە چوارچێوەی وەها مەشرووع و جەماوەری‌دا بەیان بکا کە دەزگا ئیداری‌یەکانی ڕژیم و خاوەنکارەکان خۆیان بەناچار بزانن بزووتنەوەکە بە کردەوە بەڕەسمی بناسن، حازر بن وت وێژ و سازشی لەگەڵ بکەن و تەنانەت داخوازەکانیشی قەبووڵ بکەن. پێکهاتنی وەها وەزعێك لە هەمان کاتدا کە بە مانای پەسەندکرانی هیچ قانوونێك نیە بەڵام لە واقع دا بۆ ڕژیم و خاوەنکارەکان پاشەکشەیەکی دیاری‌کراوە و دانی ئیمتیازێکە کە لەژێر فشاری خەباتی جەماوەری‌دا بەسەری داسەپێندراوە.

بزووتنەوەی جەماوەرەی کرێکاران پێش ئەوەی بەشوێن ئەوەوە بێ، هەندێك قانوونی دیاری‌کراو بەسەر ڕژیمدا بسەپێنێ بۆ ئەوە هەوڵ دەدات کە داخوازی‌یەکانی کرێکاران بۆ کەم کردنەوەی ڕەنج و سەختی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەدەست بێنی و کۆمەڵێك ئاڵ وگۆڕی واقعی هەر لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا بە قازانجی کرێکاران بەسەر ڕژیمی سەرمایەداراندا بسەپێنێ و بەمجۆرە لێرەوە بۆ گەشەپێدانی خەباتی بەرەو داهاتووش هەنگاو بنێ. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاشکرایە کە ئەگەر فشاری خەباتی جەماوەری بتوانێ ڕژیم بەشێوەی ڕەسمی و لە ئاستی هەندێك یاسای ڕاگەیەندراویش دا ناچار بە پاشەکشە بکا، بێگومان ئەمەش بەقازانجی جەماوەرە و فەزای سیاسی بۆ هەموو کۆمەڵ دەکاتەوە و بناغەکانی حکوومەتی دیکتاتۆری مەزهەبی لاواز دەکات.

هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی خەباتی کرێکاری و جەماوەری بۆ دۆزینەوەی ڕێگە دەست و ئیمکاناتی واقعی بۆ وەڕێخستن و بەڕێوەبردنی حەرەکەتی عەلەنی جەماوەر ئەساسەن بەنێو کتێبەکانی قانوون دا ناگەڕێن بەڵکوو بە هەڵسەنگاندنی ئەو وەزعییەتە موشەخەسەی کە تێیدان چوارچێوەی کاری خۆیان دیاری دەکەن. ئەو شتە کە توانایی ئەوەیان پێ دەبەخشێ داخوازەکانی خۆیان بە دەنگی بەرز بەیان بکەن و بکەونە شوێن وەدی‌هێنانیان، یاساکانی مەوجوودی کۆماری ئیسلامی نین بەڵکوو ئەساسەن ڕادەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی‌یە واقعی‌یەیە کە دەتوانێ لە دەوری ئەم داخوازانە کۆبێتەوە.

کەوایە بە کورتی بڵێین کاتێك باسی کاری عەلەنی و قانوونی دەکەین مەبەست گەڕان بە شوێن هەل ومەرجی کار و تێکۆشانی حیزبی سیاسی لە چوارچێوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی‌دا نیە، بەڵام بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و چینایەتی دەتوانێ لە زۆر ڕێگەی ئیداری و قانوونی مەشرووع و بەکردەوە سەلمێندراو کە وجوودیان هەیە، بۆ هەرچی جەماوەری‌تر بوونەوە و هێز هەڵخڕاندن بۆ وەدی‌هێنانی داخوازی‌یەکانی خۆی کەڵك وەربگرێ. ڕابەرانی کرێکار و تێکۆشەرانی کۆمەڵە دەبێ شێوەکانی کەڵك وەرگرتن لەم ئیمکانات و ڕێگە قانوونی‌یانەش فێر بن. ئەوە کە چلۆن

دەکرێ و دەبێ ئەم بزووتنەوە عەلەنییە لە چوارچێوەی یاسای رژیم تێپەڕ بێ، ئەساسەن بە مەسەلەی هاوسەنگی هێزی کۆمەڵانی خەڵك و رژیم و سەرمایەدارانەوە گرێ دراوە.

### ج - هاوسەنگی هێزەکان و خەباتی عەلەنی

تێگەیشتنی دروست لە هاوسەنگی هێزەکان مەسەلەی سەرەکی و چارەنووس سازی هەر خەباتێکی عەلەنییە. لە هەر حەرەکەتێکی عەلەنیدا پێویستە وەڵامی واقێع بینانە بۆ کۆمەڵێك پرسیاری وەك ئەوە کە: چ هێزێك لە دەوری دروشمەکانمان کۆدەبێتەوە؟ چ دەرەجەیەك لە هاودەردی و پێشوازی گشتی لە داخوازەکانمان هەیە؟ یەکگرتوویی و هاوپشتی هێزی ناڕازی هەتا چ رادەیەك حیسابی لەسەر دەکرێ و تا چ کاتێك دەوام دێنێ؟ وەزعییەتی گشتی رژیم چۆنە و شێوەی رەفتاری عەمەلی ئەو لە بەرانبەر ویست و داخوازییەکانی کرێکاران و جەماوەری خەڵك چۆن هەڵدەسەنگێنین؟ بە هەڵسەنگاندنی دروستی ئەم مەسەلەیەیە کە رابەرانی خەباتی عەلەنی دەتوانن شکڵی موناسبی دەربڕینی ناڕەزایەتی جەماوەر دیاری بکەن. دروشمەکان و داخوازییەکانی لە چوارچێوەی مەشرووع و جەماوەریدا بێننە گۆڕێ، لە جەریانی عەمەل دا دەست بدەنە مانۆڕ و نیشاندانی نەرمی دروست و بەجێ، لەکاتی خۆیدا سازش بکەن، لەکاتی خۆیدا پێشڕەوی بکەن و هێزی ناڕازی هەتا کۆتایی حەرەکەتەکە یەکگرتوو رابگرن.

سەنگ و سووکی واقعی نێوان هێزەکان تەنیا لە رووی هەڵسەنگاندنی ئەو هەل ومەرجەی کە لەو رۆژە دیاریکراوەدا و لەو حەرەکەتە کرێکاری و جەماوەرییە دیاریکراوەدا پێکهاتوە حیساب ناکرێ. هاوسەنگی هێزی چینایەتی نەك هەر تەنیا مەحەللی نیە بەڵکوو زۆر هۆ و عامیلی سەراسەری لە ئاستی کوردستاندا، لە ئاستی ئێراندا و تەنانەت لە ئاستی جیهاندا، بۆ ناسینی دروستی ئەو هاوسەنگییە پێویستە حیسابیان بۆ بکرێ. بۆ نموونە ئەوەی کە رژیم بەڕێوەچوونی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری لە رۆژی جیهانی کرێکاردا کەم تا زۆرقەبووڵ دەکا، دەستکەوتێکە کە تەنیا بە هێزی چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان بەدەست نەهاتوە، بەڵکوو دەیان ساڵ خەبات لە ئاستی جیهاندا ئەم رۆژەی کردۆتە رۆژی هاوپشتی چینایەتی کرێکار و لمۆزی دەیان دیکتاتۆری لەخۆڵ وەرداوە کە لە سەتحی جیهاندا بەرانبەر بە رەسمی بوونەوە و بەڕێوەچوونی ئەم رۆژە موقاومەتیان کردوە.

پێوانەیەکیتر بۆ ناسینی هاوسەنگی هێز هەڵسەنگاندنی دژەکردەوە و تاکتیکەکانی دوژمنە. رەنگدانەوەی خەباتی جەماورەی لە کردەوە و رەفتار و سیاسەتی رژیمدا یەکێك لە رێگاکانی هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی هێزی خەباتکار و هێزی دەوڵەتە. رژیمی دیکتاتۆری مەزهەبی کە بێجگە لە زمانی ئیعدام و ئەشکەنجە و سەرکوت بەهیچ زمانێکیتر لەگەڵ موخالفینی خۆی نەدواوە، کاتێك قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی و حکوومەتی یاسا و مافی فەرهەنگی بۆ گەلی کورد و مافی مرۆڤی ئیسلامی و شتیتری لەم چەشنە دەکات، وادە و بەڵێن ئەدات و مانۆڕی فریوکارانە دەدات، هەمووی ئەمانەبە مانای ئەوەیە کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خەباتی جەماوەری گۆڕاوە.

ئاشکرایە کە هاوسەنگی هێز پەیوەندییەکە کە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ و دەبێ هەوڵ بدرێ ئەم پەیوەندییە بە کاری ئاگاهانە هاتە هاتنەدی بە قازانجی کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدە و ئازادیخواز بگۆڕدرێ. نەفسی پەرەگرتنی خەباتی عەلەنی و هیدایەت کردنی ئاگاهانەی ئەو خەباتە یارمەتی بە گۆڕانی ئەم پەیوەندییە دەدات. لە جەرگەی ئەم خەباتەدایە کە جورئەت و جەسارەتی ناڕەزایەتی دەربڕین و پلەی چاوەڕوانی جەماوەر دەچێتە سەر، رابەرانی جێگای باوەڕی جەماوەر دێنە روو و خاراوتر و لێهاتووتر دەبن، رێگا بۆ پێکهێنانی رێکخراوە جەماوەرییەکان خۆش دەبێ و موقاومەتی کارفەرمایان و دەوڵەت پووچەڵ دەبێتەوە و ئەو رێکخراوانە بە کردەوە پێك دێن. هەموو ئەم رووداوە یەك لە دوای یەکانەیە کە جارێکیتر هاوسەنگی هێزەکان بەقازانجی بەرەی خەباتی عادڵانەی جەماوەری دەگۆڕێ.

کۆمەڵە بە کەڵك وەرگرتن لە زەرفییەتەکان و لەو جێگا و شوێنە کە لە کوردستان و لەنێو جەماوەردا وەدەستی هێناوە بۆ گۆڕینی ئەم هاوسەنگییە بەقازانجی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدە دەورێکی چارەنووس سازی لە ئەستۆیە. بردنەسەری پلەی وشیاری سیاسی و چینایەتی لە رێگای تەبلیغاتێکی سەراسەری و مەحەللی وشیارانە کاری تایبەت و پڕ بە پڕ بۆ پووچەڵ کردنەوەی هۆیەکانی پێکهێنەری تەفرەقە و چەندبەرەکی لەنێو کرێکاران دا. بەپێی نەتەوە و جینس و مەزهەب، هەوڵدان بۆ پێك هێنانی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران، لاوان و ژنان و هیتر؛ ئەمانە سەرخەتی ئەو هەنگاوانەن کە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش پێویستە هەڵسووڕاوانە شوێنی بگرین.

### د - خەباتی عەلەنی و سەرکەوتنی دیاریکراو

چالاکی عەلەنی بە خەباتی جەماوەر پشت ئەستوورە، کەوایە ئامانجی هەر حەرەکەتێك پێویستە وەها دیاری بکرێ کە بتوانێ پشتیوانی جەماوەرێکی هەرچی بەرینتر بۆلای خۆی رابکێشێ و سەرکەوتن تێیدا نزیك و لەدەسترەس دا بێ. هەر بۆیە هەڵسووڕاوانی ئەم خەباتە پێویستە تواناییەکانی واقعی جەماوەری ناڕازی لەبەرچاو بگرن. نە بەرەو ئامانجی غەیری قابیلی وەدیهێنانیان بەرن و نە بکەونە شوێن مەیل و خواستی بەشی خۆپارێز و محافظەکار. ئەو داخوازیانەی کە لە هاوسەنگی هێزی ئێستادا غەیری قابیلی وەدیهاتن بن و جەماوەری ناڕازی پێیان وانەبێ کە دەتوانن بەهێزی خۆیان وەدەستیان بێنن، ئەبنە هۆی پرژ و بڵاوبوون و لێك دابڕانی ریزی جەماوەر لەو حەرەکەتە دیاریکراوەدا.

لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا و لە هەل ومەرجێکدا کە دەسەڵاتی سیاسی رژیم بۆ جەماوەر دەچێتە ژێر پرسیار و مەسەلەی مان و نەمانی رژیمی حاکم دێتە گۆڕێ، لە وەها دەورەیەکدا ئاشکرایە کە خەباتی عەلەنی لە چوارچێوەی داخوازی رۆژانە و پیشەییدا نامێنێ و دروشم و داخوازی ئابووری و سیاسی هاوبەش و سەراسەری دەبێتە ناوەرۆك و ئامانجی خەباتی عەلەنی جەماوەری و ئەوەی کە ئەمڕۆکە تێکۆشەرانی محەللی لە کوردستان دەبێ لەبەرچاوی بگرن، فەراهەم کردنی پێویستییەکانی پێك هێنانی ئەو هەل ومەرجەیە کە باس کراو ئەم کارە تەنیا بە پشتیوانی لێکردن و هێنانەگۆڕی ئەو داخوازانە دەکرێ کە لە هاوسەنگی واقعی ئەمڕۆ و لە هەر حەرەکەتێکی دیاریکراودا قابیلی وەدیهاتن بن.

بۆ ئەوەی داواکارییەکانی حەرەکەتی عەلەنی لە لایەکەوە جورئەت و جەسارەتی بەشداریکردن تێیدا لەنێو ژمارەیەکی هەرچی بەرینتری کرێکاران و خەڵکی ناڕازی بەرێتە سەر و لە لایەکی دیکەوە هاودەردی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی ریزەکانی خۆشی بەرەو لای ئەو حەرەکەتە راکێشێ، پێویستە ئەم دروشمانە لە چوارچێوەیەکی مەشرووع دا و بە وەها زمانێك بەیان بکرێن کە دیفاع لێکردنیان بۆ جەماوەرێکی هەرچی بەرینتر بە ئاسانی مومکین بێ و لە دەرەوەی حەرەکەتەکەشەوە پشتیوانی لێ بکرێ. ئەوە لە لایەکەوە بە کۆمەڵانی ناڕازی جورئەت و تواناییەکی زیاتر دەبەخشێ و لە لایەکی دیکەوە ریاکاری دوژمنانی کرێکاران بۆ پەردەپۆشیکردنی سیمای چەوسێنەر و ستەمکاریان لە لای هەموان ئاشکرا دەکا و سەرمایەداران و دەوڵەت بەرانبەر بە ئیدیعاکانیان و وەعدەکانیان دەخاتە ژێر فشارەوە و ریسوایان دەکات.

خەباتی عەلەنی دەبێ وەدیهێنانی بەکردەوەی ئەو دروشمانەی کە بەرزی کردۆتەوە بە ئامانجی خۆی دابنێ. کەوایە هەڵبژاردنی شێوەی وا کە کرێکاران لە وەدەست هێنانی دەست کەوتی دیاریکراو بۆ باشتربوونی واقعی هەل ومەرجی کار و ژیانیان، دوور دەکاتەوە و نادروستە. تەنیا بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و پەیگیرانە و مەسئوولانە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندن و وەدەست هێنانی ئاکامی ماددی لە لایەن رابەری حەرەکەتی عەلەنییە کە دەکرێ ئەگەر بە هەر هۆیەك ئەم خەباتە دیاریکراوە ناکام مایەوە و نەیتوانی ئیرادەی خۆی بەسەر دوژمندا فەرز بکا، دیسانیش بکرێتە پاڵپشتێك بۆ حەرەکەتی داهاتووی جەماوەر و لەم سوورەتەدایە کە دەرسەکانی ئەم خەباتە کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز لە رووبەڕووبوونەوە و کێشەی بەردەوامیاندا لە دژی سەرمایەداران و رژیمی ئیسلامی هەنگاوێك بەرەوپێش دەبا و بە سەرکەوتن نەگەیشتنی ئەو حەرەکەتە ئاسۆیان لێڵ ناکات و بێهیوایی پێك ناهێنێ و بە پێچەوانە، کرێکاران ئەزموونەکانیان وەك دەستکەوتی خەباتی خۆیان دەپارێزن و دەیکەنە سەرمایەیەك بۆ حەرەکەتی داهاتووی خۆیان.

### هـ - خەباتی عەلەنی مەدرەسەی پەروەردەکردنی رابەرانی کارئامەیە

پەرەگرتنی خەباتی عەلەنی باشترین مەدرەسەیە بۆ وەدەست هێنانی ئەزموون و پەروەردەبوون و خەملێنی تواناییەکانی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی جەماوەری. لە جەرگەی ئەم خەباتەدایە کە نفووز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی ئەم تێکۆشەرانە دەچێتە سەر، لێهاتووتر و پووختەتر دەبن و شکڵ و شێوەی جۆراوجۆرتر و کاریگەرتر لە بەڕێوەبردنی خەباتی عەلەنی هەڵدەبژێرن. مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە تەشکیلاتی رەسمی ئێمە دەبێ لە ئاست پاراستنی ئەمنییەتی ئەو تێکۆشەرانە مەسئوولانە هەڵس و کەوت بکات بەجۆرێك کە ئەوان بتوانن بە خەیالێکی ئاسوودەترەوە تەنانەت بەبێ پەیوەندییەکی راستەوخۆی تەشکیلاتی کاری خۆیان لە شوێنی خۆیان بەڕێوە بەرن. ئەوان بە شێوەی تەبیعی لەنێو خەڵکدا خۆشەویست و خاوەن نفووزن، ئەو داخوازانەی دیفاعیان لێ دەکەن هەموویان مەشرووعن و لە ئاستێکی بەریندا پشتیوانییان لێ دەکرێ. هیچ چەشنە پەیوەندییەکی رێکخراوەیی نابێ ئەم مەوقەعییەتە بە نرخەی ئەوان تووشی مەترسی بکا.

دەست راگەیشتن بە ئەزموونەکانیجیهانی لەم بابەتەوە، بۆ ئەوان کارێکی ئاسانە و گەلێك ئەدەبییاتی پێشڕەو لە دەسترەس دا هەیە. هاوکات دەرس و ئەزموونەکانی خەباتی رۆژانەی خۆشیان لەم بابەتەوە بەردەوام دەوڵەمەندتریان دەکات، کەوابوو پێویست ناکات بە پەیوەندی ئاڵۆزی رێکخراوەیی و هات وچۆی تەشکیلاتی، مەشغەڵەی نالازمیان بۆ بخوڵقێندرێ. ئەگەر لەم بابەتەوە قسەیەك هەیە پێویستە لە رێگای رادیۆ و راگەیەنە گشتییەکانی حیزبەوە پێیان بگەیەندرێ.

و - سنوورەکانی کاری عەلەنی و قانوونی

واقعییەت ئەوەیە کە بەرێوەبەرانی محەللی کرێکاران و خەباتی جەماوەری لە جەریانی هیدایەت و بەرەوپێش بردنی ئاکسیۆنێکی دیاریکراو هەندێك جار دەست دەدەنە شکڵ و شێوەی واو سازش و مانۆری وا بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی خۆیان هەڵدەبژێرن کە مەرج نیە بە ئوسوول و سەرەتاکانی کاری عەلەنی و فەعالییەتی کۆمۆنیستی دابنرێن بەڵام دەکرێ لە چوارچێوەی هەڵسووڕانێکی محەللیدا جێگەی خۆیانیان هەبێ و قابیلی قەبوول بن و بێگومان ئەم تێکۆشەرانە بەم هۆیانەوە نابێ سەرکۆنە بکرێن و دەستیان بۆ کاری داهاتوویان ببەسترێ، بەڵام لەم پەیوەندییەدا بۆ ئێمە وەکوو رێکخراوێکی کۆمۆنیستی چەند سەرەتایەك هەیە کە پێویستە لەم باسەدا تەئکیدیان لەسەر بکەینەوە.

ئێمە موخالیفی ئەو سیاسەت و رەوشتانەین کە خەبات بۆ باش بوونی هەل ومەرجی ژیان و خەبات بۆ ئیسلاحات دەکەنە ئامرازێك بۆ دوورکردنەوەی کرێکاران لە خەباتی شۆرشگێرانە و دژی سەرمایەداری. ئێمە موخالیفی ئەو کەسانەین کە لە جەرگەی خەباتی رۆژانەی کرێکاراندا ئامانجی دوارۆژی سۆسیالیستی و بەرژەوەندی کوللی چینی کرێکار وەك چینێکی جیهانی کەم رەنگ دەکەنەوە و لەبیریان دەبەنەوە. تاکتیکەکانی خەباتی کرێکاران لە بزووتنەوەیەکی عەلەنیدا بۆ داخوازی بچووکیش دەکرێ و دەبێ ببنە هۆی تەقوییەتی هاوپشتی چینایەتی و چوونە سەری پلەی رێکخراوبوونی کرێکاران. بەهێزبوونی ریزی خەبات لە دژی مالکییەتی خوسووسی، لە دژی کاری کرێگرتە و بۆ پێك هێنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی. تاکتیکی شۆرشگێرانە و رەوشتی خەباتکارانەی ئوسوولی دەبێ ریشەیان لە وەها بۆچوونێکدا هەبێ.

کاری عەلەنی نابێ ماهییەتی واقعی دوژمنانی چینایەتی و سیمای دژی کرێکاری و چەوسێنەر و سەرکوتگەریان لەچاوی جەماوەر بشارێتەوە و خۆشباوەری لەناویاندا دروست بکا. کرێکاران لە حەرەکەتەکانی خۆیاندا مۆری تەئید نانێنە سەر خەسڵەتی فریوکارانەی هیچ باڵێکی رژیمی ئیسلامی و بورژوازی بە گشتی، بەڵکوو کاری خۆیان بە پشت ئەستووری ئەوەندە هێزەی کە بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان کۆیان کردۆتەوە بەرەوپێش دەبەن. کرێکارانی شۆرشگێر، خەباتی عەلەنی لە پێناو داخوازەکانیاندا لە چوارچێوەی سەرجەمی ئەو ئیمکانات و هەل ومەرجەدا کە بە هێزی خەباتی جەماوەر وەدەست هاتوە بەرەوپێش دەبەن.

– خەباتی عەلەنی نابێ تەفرەقە لەنێو کرێکاراندا پەرەپێ بدا. پەرەگرتنی یەکگرتوویی چینایەتی لە خەبات دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیاندا یەکەمین ئامانجی هەر خەباتێکی کرێکارییە. بەتایبەت ئەم مەسەلەیە لە هەل ومەرجی ئێستادا کە سەرمایەداران و رژیم ئەرتەشێکی بەرینی زەخیرەی کاریان، بە بێکاری لە حاشیەی شارەکاندا لە حەڵەبیئاوا و حەسیرئاواکاندا، راگرتوە، بە سەدان هەزار کرێکاری کوردستان ماڵ بە کۆڵ وڵاتی پان و بەرینی ئێران بە شوێنی پەیداکردنی کاردا، دەپێون. چەند میلیۆن کرێکاری ئاوارەی ئەفغانی و عێراقی لە ئێران دەژین، نابێ رێگا بدرێ کە لە جیاوازییەکانی مەزهەبی و میللی و شتیتر بۆ چاندنی تۆوی تەفرەقە لەناو بزووتنەوەی جەماوەریدا کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

حاقانییەتی ئەو تاکتیکانەی کە لە کاری قانوونی و عەلەنیدا رەچاو دەکرێن دەبێ لە کردەوەدا بە ئیسبات بگەن بەم مانایە کە ئەم خەبات دەبێ ببێتە هۆی باش بوونی ژیانی کرێکاران، ئاستی وشیاری سیاسی کرێکاری لە خەباتی چینایەتیدا بەرێتە سەر، یەکگرتووی و هاوپشتی لە نێو کرێکاراندا زیاتر بکا، تەفرەق پێك نەهێنێ و نەبێتە هۆی پێك هاتنی خۆشباوەری لە ئاست هیچ بەشێکی بورژوازی.

ز - ئەمنییەت بە هێزی جەماوەر دەپارێزرێ

پێشتر وتمان لە رژیمێکی دیکتاتۆری مەزهەبی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا، هەڵسووراوێکی تێکۆشانی عەلەنی ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی خۆی پشت بە قەرار و بەڵێن و یاساکانی پەسەندکراوی رژیم ببەستێ. دوژمن لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیدا هەرکات بە پێویستی بزانێ بە ئاسانی هەمووی ئەوانە دەنێتە ژێر پێ. کەوابێ سەرچاوەی وەها ئەمنییەتێك بەر لە هەرشتێك دەبێ لە هەل ومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە گشتی و لە میزانی پشتیوانی جەماوەر لە هەر حەرەکەتێکی دیاریکراودا بەتایبەتی، بدۆزێتەوە. ئەوە فشاری بزووتنەوەی جەماوەرییە کە رژیم ناچار دەکات وجوودی فەعالییەتی عەلەنی قەبووڵ بکات یان لە ئاست نارەزایەتی جەماوەردا بە پارێزەوە هەنگاو هەڵبگرێت و نەرمتر بجووڵێتەوە. بەڵام هەر وەکوو چۆن تێکۆشانی عەلەنی سوننەت و شێوەکانی تایبەتی خۆی هەیە، دوژمنیش بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵی بە ئەزموون شکڵ و شێوەی گونجاو دەبینێتەوە.

بەرانبەرکێ لەگەڵ حەرەکەتە عەلەنییەکان لە لایەن سەرمایەدران و دەوڵەتەوە هەمیشە بە شێوەی سەرکوتی راستەوخۆ و گرتن و زیندان و ئەمجۆرە شتانە نیە. هەر وەك کرێکارانی وشیار هەوڵ دەدەن نارەزایەتی و خەباتی خۆیان بە شێوەی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بێننە مەیدان، دوژمنیش هەوڵ دەدا مەسەلەکە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا چارە بکا و بیبڕێتەوە.

خۆرانانی هێزەکانی چەکدار و مانۆری هەموو رۆژەیان لە شەقام و کووچە و کۆڵانەکان و کاریتری لەم چەشنە، جۆرە قودرەت نیشاندانێکە کە رژیم هەوڵ دەدا لەم رێگایەوە بە شێوەی ناراستەوخۆ زەمینەی بەرپابوونی حەرەکەتی نارەزایەتی عەلەنی لەبەین بەرێ. لە ئاستێکیتردا و هەر

بۆ ئەم مەبەستە جاری وایە پەنا دەباتە بەر وەعدە و بەڵێن پێدان و هەوڵ دەدا بە چاوەڕوان ڕاگرتنی کۆمەڵانی ناڕازی بەرەبەرە هێزەکەیان بڵاوە پێ بکات و مەسەلەکەیان ئەوەندە درێژەی پێ بدات هەتا سەختییەکانی ژیانی ڕۆژانە، لانیکەم ژمارەیەکیان ناچار بکات دەست لە ناڕەزایەتی هەڵبگرن. جاری وایە تەماع وەبەر هەندێك کەس دەنێ و لەم ڕێگایەوە هەوڵ دەدا لە ریزەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدا دووبەرەکی ساز بکات.

## ٥- ڕێکخراوەی جەماوەرییە

ڕێکخراوەی جەماوەری لە کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژ نیە. دیکتاتۆری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا چ لە دەورەی حکوومەتی پاشایەتیدا و چ لەو کاتەوە کە ڕژیمی ئیسلامی دەسەڵاتی بەسەر ئێراندا گرتوە، ڕێگەی نەداوە کە کوردستان بە پێوانەکانی دیموکراسییەکی بورژواییش بوە، ببێ بە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراوەی مەدەنی.

خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە ساڵەکانی ١٣٥٧ و ١٣٥٨ی هەتاویدا فورسەتێکی کورت ماوە بوو کە تێیدا هەوڵێکی سەرەتایی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری وەکوو سەندیکا کرێکارییەکان و ڕێکخراوەی ژنان و... درا. بەڵام لە لایەکەوە لاوازبوونی ئەزموونی خەباتی ڕێکخراوەیی پیشەیی و لە لایەکی دیکەوە زاڵ بوونەوەی سەرلە نوێی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی مەرکەزی، ڕێگەی نەدا کە ئەم ڕێکخراوانە جێگیر بن و توانای ئەوەیان هەبێ کە هەبوونی خۆیان بەسەر دوژمندا بسەپێنن.

بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لەئاستی سەراسەری لە ئێرانیشدا ئەگەرچی لەم سەدساڵی رابردوودا چەند دەورەیەك فورسەتی خۆڕێکخستن و خەباتی ڕێکخراوەیی بۆ ڕەخساوە و گەلێك ئەزموونی بەنرخی هەیە، بەڵام لە ٢٠ساڵی رابردوودا لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی هەموو مافێکی سەرەتایی لەم بابەتەوە لێ زەوت کراوە "خانەی کارگر" و "ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی" کارخانە، هەموو کاتێك ئامرازی دەستی ڕژیم و سەرمایەداران بوە بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی چینی کرێکار. لە دەورەی شەڕی ٨ساڵەی ئێران و عێراقیشدا و ساڵانی دواتری هەمووسیاسەتەکانی دژی کرێکاری ڕژیمیان پاساو کردوە.

لە ئاستی جەماوەریدا ژنان، لاوان و هونەرمەندان و خوێندکاران و... هەر بەمجۆرە لە مافی پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی پیشەیی و کۆمەڵایەتی خۆیان بێبەش بوون. جاری قسە لەوە نیە کە لە ڕابردوودا لە چ دەورەیەك و تا چ رادەیەك دەکرا، ڕژیم لە شوێنێکی وەکوو کوردستان ناچار بکرێت کە هەبوونی ئەمجۆرە ڕێکخراوانە تەحەمول بکات. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە نیشانی بدەین کە هەل ومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای ئێران و کوردستان مەلزووماتی پێویستی بۆ هەڵگرتنی چەند هەنگاوێك بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوەی بەرین لە ئاستی جەماوەریدا ئامادە کردوە و لێرەدا باس لەسەر داڕشتنی سیاسەتێکە کە بە کەڵك وەرگرتن لە هاوسەنگی هێزەکان ڕێگا بدات ئەم هەنگاوانە هەڵ بگرین.

بزووتنەوەیەك کە لە ٢٠ساڵی رابردوودا لە بەرانبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان موقاومەتی کردوە، بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان و لاوان، هونەرمەندان و نووسەران، هێزی ئەم حەرەکەتە کۆمەڵایەتییە بوون. ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی ئێستا توانای ساڵانی سەرەتای دەست پێکردنی خۆی نیە بەڵام ئاشکرایە کە لە چەند ساڵی ڕابردوەوە خەریکە سەرلە نوێ بووژانەوەیەك بەخۆیەوە دەبینێ و لەژێر کاریگەری ئەو خەباتە سەراسەرییەی کە لە ئاستی ئێراندا لە دژی حکوومەتی ئیسلامی کەوتۆتە ڕێ، گوڕ و تینێکی نوێی پەیدا کردۆتەوە.

لە پاڵ ئەو ڕاستییەی سەرەوەدا پێویستە ئاڵ وگۆڕێکی کۆمەڵایەتی، سەرلە نوێ دەست نیشان بکەینەوە. شارەکانی کوردستان گەورە بوونەتەوە، ژمارەی کارگا و شوێنەکانی کار و نیشتەجێبوونی کرێکاران زیادی کردوە، پەیوەندییەکانی ئاسایی و مەحفەلی وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی وەها هەل ومەرجێك نین. تێکۆشەرانی خوازیاری ئاڵ وگۆڕ و شۆڕش لە ڕێگەی کاری ڕێکخراوەیی جەمارییەوە و لە ڕێگای هەڵسووڕان لە ئاستێکی بەرینتردا، دەتوانن یەکتر بدۆزنەوە و پەیوەندییەکانی چینایەتی و سیاسی خۆیان بەهێزتر کەن. ڕێکخراوەی جەماوەری خۆی پێویستییەکانی پەرەگرتن و بەهێزبوونی لەناوخۆیدا بەرەبەرە پێك دێنێ، رابەرانی کرێکاری بە یەکتر دەناسێنێ، ئەزموونەکان یەك دەخاتەوە و کادری نوێ بۆ هەل ومەرجی نوێ پەروەردە دەکات.

لە باسی ڕێکخراوەی جەماوەریدا مەبەست ناسینی ئەم سەرەتایانەیە کە یارمەتی دەدات بە وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی خەباتی ئەم سەردەمە لە کوردستان، ئەو خەباتەی کە کرێکاران، ژنان، لاوان، خوێندکاران، هونەرمەندان و روناکبیرانی ئازادیخواز دەستیان داوەتێ.

الف - ڕێکخراوەی جەماوەری نەك بە نهێنی، بە ئاشکرا پێك دێت.

ئەگەر خەباتی جەماوەری تێکۆشانێکی عەلەنی‌یە، لە سەرەتادا ڕێکخراوەی جەماوەریش ناکرێ ئاشکرا نەبێ. ئەمڕۆکە تەنانەت بەشێك لە بورژوازی ئێرانیش بیر لەوە دەکاتەوە کە دەست لە ڕەوتی ڕێکخستنی کرێکاران وەر بدات و بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی بورژوازی لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەوە کۆنترۆڵ بکات و هەموو گوڕ و تینێکی شۆڕشگێڕانەی لێ بستێنێتەوە (کە ئەمە خۆی باسێکی جیاوازە).

بە گشتی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری خەباتکار هەبوونی خۆی وەك ئەمرێکی واقیع بەسەر دوژمندا دەسەپێنێ. ئەگەر لە وردەکاری‌یەکانی پەیوەندی‌دار بە چۆنیەتی پێکهێنانی بە کردەوەی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری تێپەڕ بین و جارێ لەوە بگەڕێین کە ئەم ڕێکخراوەیە چەندە دەتوانێ خۆی لە چوارچێوەی یاسای زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بگونجێنێ، ئیجازەی ڕەسمی پێ بدرێ یان گوێ بە یاسا و ڕێسای دوژمن نەدرێ و بە کردەوە پێك بێ، لە هەر حاڵێکدا ڕێکخراوەیەکی جەماوەری هەبوونی ئاشکرای خۆی بەسەر دوژمندا دەسەپێنێ. کاری ئینسیجام پێدان، جێگیرکردن و کۆکردنەوەی هێزی زۆر لە دەوری ڕێکخراوەکە، لەمەو بەدوا ئیتر کارێکی بە شێنەیی‌یە و لەم بوارەدا تێکۆشەرانی بەڕێوەبەری ئەم حەرەکەتە دەزانن لەکوێ سازشی پێویست بکەن و لە چ کاتێکدا هەنگاوی زۆرتر بەرەو پێش هەڵگرن.

ئەوانەی باس کرا بۆ هەر ڕێکخراوێکی جەماوەری وەك ڕێکخراوی ژنان و لاوان و هی‌تر هەروەك یەك وابێ.

ب - ڕێکخراوی جەماوەری دەتوانێ لە شکڵی جۆراوجۆردا بێ.

کاتێك قسە لە پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری دەکەین، مەبەستمان تەنیا پێداگرتن لەسەر چەند شکڵی دیاری‌کراوی ڕێکخراوەیی نیە، بەڵکوو پێویستە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە جەماوەری خەباتکار لە پرژ و بڵاوی دەردێنێ و ڕەوتی بەرەوپێش چوونیان ئاسان دەکاتەوە لەم بوارەدا تاقی بکرێتەوە.

تا ئەو جێگایەی بۆ ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان هەڵدەگەڕێتەوە ئەزموونی جیهانی چینی کرێکار چەند شکڵێکی جێکەوتووی ڕێکخراوەی جەماوەری هێناوەتە گۆڕێ کە بۆ هەموان ناسراوە؛ پێکهێنانی سەندیکا و ئیتحادیەی کرێکاری پیشەیی، ناوچەیی و سەراسەری، پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی، ڕێکخراو و ڕێك وپێك لە کارگا و کارخانە و وەرگرتنی بڕیاری گشتی کرێکاران لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی‌دار بە ژیان و خەباتی کرێکاران، پێکهێنانی شوورا کرێکاری‌یەکان، دانانی کومیتەی کارخانە و کومیتەی مانگرتن و لە زومرەی ئەم ئەزموونانەن. بەڵام تێکۆشەرانی ریزەکانی خەباتی چینایەتی کرێکاران لە هەل ومەرجی جیاوازدا، بەپێی ڕادەی ئامادەیی کرێکاران و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی‌یەکانی شوێنی کار و ژیان بەتایبەت لە ناوچەیەکی وەك کوردستانی ئێران دەتوانێ گەلێك شکڵی‌تریش بە خۆیەوە بگرێ و هەنگاو بە هەنگاو لە ئەزموونی سادەترەوە بەرەو ئەزموونی جێکەوتوو و کاریگەرتر بڕوات. گرینگ ئەوەیە کە پێ‌بەپێی چوونەسەری ئاستی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران، پێ‌بەپێی چوونە سەری ئاستی زانیاری و وشیاری سیاسی‌یان، کاری ڕێکخستنیشیان گەشە بکات و بڕوا بە خۆیان تێیدا بەهێزتر بکات، پلە بە پلە بچێتە سەرێ و پتەوتر بێت.

ئەم باسە سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی‌یەکانی‌تر وەك ڕێکخراوی ژنان، لاوان، کۆڕ و کۆمەڵی فەرهەنگی و ئەدەبی و هی‌تریش هەر دروستە. هیچ چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی نابێ ببێت بە کۆسپێك لەسەر ڕێگای وەدی‌هێنانی ئەم ئامانجە سەرەتایی‌یە کە بریتی‌یە لە، هەنگاوێك بەرەوپێش چوون لە کاری پرش و بڵاوەوە بەرەو کاری ڕێکخراوەیی. لە پێکهێنانی تەعاونی‌یەکەوە هەتا سندووقێکی هاوپشتی ماڵی کرێکاری هەتا سەندیکای سەراسەری و شوورای سەراسەری کرێکاران. لە کۆڕ و کۆمەڵێکی ئەدەبی و هونەری‌یەوە بگرە تا ڕێکخراوەیەکی پیشەیی سەراسەری هونەرمەندانی پێشکەوتنخواز. لە کۆڕێکی کێونەوەردی‌یەوە بگرە هەتا ڕێکخراوەیەکی سەراسەری لاوان، ئەمە مەودایەکی بەرینە کە بەپێی هەل ومەرج و هاوسەنگی هێز دەتوانێ ئەم سیاسەتەی تێدا جێ‌بەجێ بکرێت.

ج - ڕێکخراوەی جەماوەری، ڕێکخراوەیەکی ئیدئۆلۆژیك نیە.

ئەگەر دەمانەوێت زۆربەی هەرەزۆری هێزی خەباتکار لە دەوری ئامانج گەلێکی دیاری‌کراو، کۆ ببنەوە و ڕێکخراوەیەك پێك بێنن؛ وەها ڕێکخراوەیەك ناتوانێ مەرجی پێ‌بەندبوون بە ڕوانگەیەکی فیکری و فەلسەفی و ئایینی دیاری‌کراو بۆ بەشداربوانی دابنێ. ئەوەی کە جەماوەر لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە، ئازاری هاوبەش و ئامانج و چارەنووسی هاوبەشیانە.

لایەنگری لەم یان لەو حیزبی سیاسی، خوداپەرست یا بێ‌خودا بێ، موسوڵمان بێ یان بە هەر ئایینێکی‌تر پابەند بێ و... هیچ کام لەمانە نابێت ڕێگر بێ لەسەر ڕەوتی ڕێکخستنی هێزی خەباتکار.

بورژوازی هەموو ئامرازێك بەكار دێنێ بۆ ئەوەی دووبەرەكی و چەندبەرەكی لەناو كرێكاراندا پێك بێنێ و پەرەی پێ بدات. ئەوان بەهۆی نەتەوە و مەزهەب و رەگەز و رەنگی پێستیان دابەش دەكات بۆ ئەوەی چاویان لە ئاست قازانج و بەرژەوەندی هاوبەشیان ببەستێ؛ بۆ ئەوەی بەری یەكگرتوویی چینایەتی ئەوان بگرێ. ئەم سیاسەتە پێویستە وشیارانە پووچەڵ بكرێتەوە. كرێكاران لەو دیوی سنووری رەگەز و نەتەوە و ئایین و جنس، لە رووی بەرژەوەندی هاوبەشیانە، كە لە ئاستی جەماوەری‌دا لە دەوری یەكتر، دەتوانن كۆ ببنەوە. ئەمە ئەزموونێكی بەنرخی خەباتی كرێكارانی جیهانە كە هەموو توێژە ستەم لێكراو و بێبەشەكانی‌تری كۆمەڵیش دەتوانن لە خەباتی رێكخراوەیی جەماوەری‌دا، بەكاری بێنن.

## د - پەیوەندی حیزبی سیاسی و رێكخراوەی جەماوەری

ئاشكرایە كە حیزبی كۆمۆنیست هەوڵ دەدات كە رێگا بۆ پێكهێنانی رێكخراوە جەماوەری‌یەكان خۆش بكات و لەناو ئەو رێكخراوانەدا زۆرترین متمانە و باوەڕ بە خەت و رێبازی سیاسی خۆی بەدەست بێنێ، لەناویان دا خۆشەویست، كار لێهاتوو و جێگای باوەڕ بێت. بەڵام ئەم جێگاوشوێنە لەناو رێكخراوەیەكی جەماوەری‌دا بەشێوەیەكی پیلان گێڕان، نهێنی و دوور لە چاوی جەماوەر بەدەس نایەت. ئەم پەیوەندی‌یە نە لەسەر بناغەی خۆشباوەڕی بە دوژمن دامەزراوە كە گۆیا رێگا ئەدات حیزبێكی رادیكاڵ و سۆسیالیست و شۆڕشگێڕ رێكخراوەیەكی جەماوەری بكات بۆ پووششێك بۆ هەڵسووڕانی خۆی؛ و نە بە پۆلیتیك و فریوی دوژمن پشت ئەستوورە. بەكورتی باسی رێكخراوەی جەماوەری، باسی پەرەپێدانی رێكخراوەكانی حیزبی نیە. ئەمە خۆی لە سیاسەتێكی جیاواز پەیڕەوی دەكات و لە كات و شوێنی موناسبدا بەپێی هەل ومەرجی دیاری‌كراو رێكخراوی حیزبی دەتوانێ پەرە بستێنێ یان بەرتەسك بێتەوە و ئەوە خۆی مەیدانێكی دیكەی هەڵسووڕانی ئێمەیە.

حیزبێك كە لە گۆڕانكاری‌یە سیاسی و كۆمەڵایەتی‌یەكاندا لەكاتی خۆی‌دا دەوری چارەنووس سازی دیتبێ؛ حیزبێك كە بەرنامە و ئامانجی سیاسی ئەو لەگەل ئارەزوەكانی جەماوەر جووت بێت؛ پێشینەی سیاسی پاك و بێخەوشی هەبێت؛ بە سیاسەت و تاكتیك و هەڵس وكەوتی مەسئوولانە و شۆڕشگێڕانەوە بناسرێتەوە؛ وەها حیزبێك بێگومان لەناو رێكخراوەیەكی جەماوەریشدا خاوەنی نفووز و ئێعتبار دەبێت و پێویستی بەوە نابێ بەشێوەی كوودەتاگەرانە و ژێربەژێر هەوڵ بدات بەرپێوەبەرانی ئەم رێكخراوانە بێنێتە ژێر چەپۆكی خۆی، كۆمەڵە دەبێت نیشانی بدات كە قابلییەت و توانایی ئەوەی هەیە كە بەرەوشتی دیموكراتیك هەڵوێست و سیاسەتی‌خۆی لەناو رێكخراوە جەماوەری‌یەكاندا بسەلمێنێ و ببیاتە پێش.

## هـ - رێكخراوەی جەماوەری لە جەرگەی خەباتێكی روو لە گەشەدا پێك دێت.

ئەوە بە تەنها سیاسەتی دروست و پرۆژەی رێك وپێك یان خود تەبلیغ و كاری وشیاری‌دەرانە وئیرادەی ئێمە نیە كە ئیمكانی پێكهاتنی رێكخراوەی جەماوەری لەژێر دەسەڵاتی رژیمێكی وەكوو كۆماری ئیسلامی‌دا، دەرەخسێنێ، بەڵكوو گرینگتر لە هەموو ئەوانە ئاستی خەباتی ئەو جەماوەرەیە كە بۆ بەدەست هێنانی داخوازەكانیان پێیان ناوەتە مەیدانی خەباتێكی راستەوخۆ.

ئەگەر داخوازی‌یەكانی هێزی خەباتكار دیفاعی‌یە و بە پارێزەوە دێتە گۆڕێ، ئەگەر دوژمن توانیویەتی فەزای شەڕ و ترس و دڵنیگەرانی بەسەر كۆمەڵگادا زاڵ بكات؛ لە وەها هەل ومەرجێكدا بانگەوازی ئێمەش بۆ پێكهێنانی ئەم رێكخراوانە بێوەڵام دەمێنێتەوە. پێویستی پێكهێنانی رێكخراوەی جەماوەری بۆ كۆمەڵانی خەڵك كاتێك بەشێوەیەكی جیددی دێتە گۆڕێ كە خەباتی رۆژانەی جەماوەر بۆ وەدەست هێنانی داخوازی دیاری‌كراو گەشەی كردبێ؛ ئاستی چاوەڕوانی‌یان بۆ ژیانێكی باشتر چووبێتە سەرێ و بەوە گەیشتبن كە پێویستە دەستكەوتەكانی خەباتی تا ئەو كاتیان جێگیر بكەن و هەنگاوی دوایی هەڵبگرن.

لە جەرگەی ئەو خەباتەدایە كە كۆمەڵانی خەڵك بەپێی ئەزموونی راستەوخۆی خۆیان بۆیان دەردەكەوێ كە دەبێ لە پرژ و بڵاوی بێنە دەر و هێزی خەباتی خۆیان یەكانگیر بكەن. هەڵسووڕاوانی پێشڕەوی ئەو خەباتە كاتێك رادەی ئامادەیی جەماوەر دەبینن؛ رێگای هەڵگرتنی هەنگاوی دوایی‌یان نیشان دەدەن و بە هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی تازەی هێزەكان دەست دەدەنە پێكهێنانی ئەم رێكخراوانە. بەهەر رادەیەك كە ئەو هاوسەنگی‌یە بەقازانجی هێزی خەباتكار بگۆڕێ؛ هەر بەم رادەیەش ئەم رێكخراوانە جەماوەری‌تر دەبنەوە و شكڵ و پێكهاتەی جێكەوتووتر بە خۆیانەوە دەگرن.

## و - تایبه‌تمه‌ندی رێکخراوه‌ی جه‌ماوه‌ری کرێکاران له‌ کوردستان

ئێمه‌ تا ئێستا به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی باسمان له‌ سێ جۆر رێکخراوه‌ی جه‌ماوه‌ری بۆ کرێکاران، لاوان و ژنان کردوه‌ به‌ڵام له‌سه‌ر ورده‌کارییه‌کانی پێکهێنانی ئه‌م رێکخراوانه‌ و تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی هه‌رکامیان له‌ کورستانی ئێران نه‌رۆیشتووین. بۆ ئه‌وه‌ی هه‌نگاوێك له‌م باسه‌دا بچینه‌ پێش و پێ بنێینه‌ مه‌یدانی پێکهێنانی به‌کرده‌وه‌ی رێکخراوه‌ جه‌ماوه‌رییه‌کان، پێویسته‌ پێکهاته‌ و تایبه‌تمه‌ندی ئه‌م هێزه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییانه‌ به‌ وردی بناسین. له‌ درێژه‌ی ئه‌م به‌شه‌ له‌م وتاره‌دا کورته‌یه‌ك سه‌باره‌ت به‌ یه‌کێك له‌ لایه‌نه‌کانی کاری چینی کرێکار له‌ کوردستان، واته‌ کۆنه‌بوونی له‌ به‌رهه‌م هێنانی گه‌وره‌دا، ده‌دوێین و لێکۆڵینه‌وه‌ی زۆرتر له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ و هه‌روه‌ها باسی بواره‌کانی خه‌باتی رێکخراوه‌یی لاوان و ژنانیش راده‌گرین بۆ مه‌جالێکی‌تر.

ئه‌و راستی‌یه‌ ئاشکرایه‌ که‌ کوردستان واتا ئوستانه‌کانی کوردنشینی رۆژئاوای ئێران، ناوچه‌یه‌کی له‌باری پیشه‌سازی‌یه‌وه‌ له‌چاو زۆربه‌ی شوێنه‌کانی‌تری ئێران دواکه‌وتوه‌ و چینی کرێکار له‌ کاری به‌رهه‌م هێنانی گه‌وره‌دا نیه‌. به‌پێی ئامار سه‌رجه‌می ژماره‌ی ئه‌و کرێکارانه‌ی که‌ له‌ کارخانه‌ و ناوه‌ندی به‌رهه‌م هێنانی تایبه‌تی (وه‌کوو، پوشاك، پارچه‌چنین، که‌وش، دوخانیات و...) یان خزمه‌تگوزاری وه‌کوو (ئاو، کاره‌با، شاره‌دارییه‌کان، رێگاوبان و...) کار ده‌که‌ن زیاتر له‌ ٥٠هه‌زار کرێکار نیه‌. باقی کرێکارانی کوردستان ده‌توانین به‌ چه‌ند ده‌سته‌ی جیاواز دابه‌ش که‌ین:

- کرێکارانی کارگا چکۆله‌کانی وه‌کوو نانه‌وایی، میکانیکی، سیم که‌شی، خه‌یاتی، فه‌رش چنین، فلزکاری و...
- کرێکارانی بیناسازی
- کرێکارانی کشت وکاڵ
- کرێکارانی موهاجیر، واته‌ ئه‌و کرێکارانه‌ی که‌ بۆ په‌یداکردنی کار روو له‌ شوێنه‌کانی‌تری ئێران ده‌که‌ن، کرێکارانی کووره‌خانه‌ و...
- کرێکارانی بێکار

به‌شی زۆری ئه‌و ناوه‌ندانه‌ی وا له‌سه‌ره‌وه‌ باسیان کرا، به‌ کارگای چکۆله‌ ده‌ژمێردرێن و به‌پێی په‌سه‌ندکراوی ساڵی رابردووی مه‌جلیسی ئیسلامی، ته‌نانه‌ت قانوونی کاری رژیمیشیان تێدا به‌رێوه‌ ناچێ. ئه‌م سیاسه‌ته‌ به‌ر له‌ هه‌ر مه‌به‌ستێك بۆ دروست کردنی که‌ند و کۆسپ له‌سه‌ر رێگای رێکخراوبوونی میلیۆنه‌ها کرێکاری پرژ و بڵاوی ئێران، دارێژراوه‌. رژیم خۆی ده‌زانێ چ هێزێکی به‌رینی کرێکاری له‌م کارگا چکۆلانه‌دا بڵاو بۆته‌وه‌، ده‌زانێ که‌ ئه‌گه‌ر به‌رهه‌مهێنانی گه‌وره‌ ئه‌وانی له‌ ده‌وری یه‌کتر کۆ نه‌کردۆته‌وه‌ رێکخراوی سه‌راسه‌ری کرێکاران ده‌توانێ ئه‌و خاڵه‌ لاوازه‌ی خه‌باتی ئه‌وان چاره‌سه‌ر بکات و هێزی ئه‌وان که‌ چه‌وساوه‌ترین به‌شی چینی کرێکاری ئێرانن له‌ به‌ره‌یه‌کی گه‌وره‌ی دژ به‌ سه‌رمایه‌داری و دژ به‌ رژیمی پارێزه‌ری ئه‌و نیزامه‌، بخاته‌ گه‌ڕ.

ئه‌و ئه‌زموونه‌ی که‌ چینی کرێکاری کوردستان پێویسته‌ بۆ پووچوڵ کردنه‌وه‌ی ئه‌م سیاسه‌ته‌ی رژیم به‌کاری بێنێ، پێکهێنانی سه‌ندیکای کرێکارییه‌.

رژیم ده‌بێ ناچار بکرێ که‌ هه‌بوونی ئه‌م شکڵه‌ له‌ چالاکی پیشه‌یی کرێکاران ته‌حه‌مول بکات. سه‌ندیکای کرێکاران بۆ هه‌رکام له‌م پیشانه‌ی سه‌ره‌وه‌ له‌ ئاستی هه‌ر شارستان یان ناوچه‌یه‌کدا پێویسته‌ پێك بێ و ناوه‌ند یان چه‌ند ناوه‌ندێکی یه‌کگرتووش هه‌موویان پێکه‌وه‌ گرێ بدات.

**به‌فرانبار ١٣٧٩**

**ژانویه‌ ٢٠٠١**

●